# بزوتنەوەی هەقە لەنێوان دۆستان و نەیارانیدا

کامران جمال محمد

زاکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی پەروەردەی ئاینی

**پێشەکی :**

بێگومان لەدەسپێکی ژیان لەنێو ئەم هەسارەیەی گەردوندا مرۆڤەکان هەستیان کردووە لەگەڵ پێویستیان بۆ ئاوو نان و ئارەزووە جەستەییەکان پێویستیان بەتێرکردنی ئارەزووە نادیارەکانیش هەیە کەخۆی دەبینێتەوە لەلایەنی ڕۆحی و بیرو باوەڕ، بۆیە دەبینین بابەتی پەرستش مێژوویەکی هێندە کۆنی هەیە کەهەندێ لەسەرچاوەکان دەڵێن: مێژووی ئاین هاوکاتە لەگەڵ بونی مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەمینە.

مرۆڤەکانیش لەپەیڕەو کردنی ئایندا پۆلێن دەکرێن بۆ دوو بەشی سەرەکی

بەشی یەکەم: ئەوانەن کەهەستاون بەپەرستشی خودایەکی دەرك نەکراو لەچوار چێوەی ئاینێکی ئاسمانیدا.

بەشی دووەم: ئەوانەن کەپەرستش دەکەن بۆ پەروەرینێکی بەرجەستەکراو لەبازنەی ئاینێکی زەمینیدا.

وەهەریەك لەم دوو جۆرە بڕوادارەش لەجێ بەجێ کردنی دروشمە ئاینێکاندا دەکرێن بەدوو بەشی دیکەوە

بەشی یەکەمیان لە بەجێگەیاندنی دروشمە ئاینێکاندا تەنها لایەنی دیارو دواکراویان لا گرنگە زۆر ئاوڕ نادەنەوە بەلای پاکردنەوەی ڕۆح و دڵدا.

بەشی دووەمیشیان ئەوانەن کە گرنگییەکی ئێجگار زۆر ئەدەن بەلایەنی ناوەوەو، زۆر هەوڵی پاڵفتەکردنی دڵ و دەرون ئەدەن لەهەر ژەنگاوی بونێك کەڕوی تێبکات کەئەم بەشەش پێیان دەڵێن (ئەهلی دڵ) یاخود سۆفیەکان.

جا هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئەم بەشی دووەمە واتە سۆفیەکان هەم لەنێو دینە ئاسمانێکاندا هەیە، هەم لەناو دینە زەمینێکاندا. وەیەکێك لەو گروپانەی لەکوردستانی باشور بەگشتی و پارێزگای سلێمانی و کەرکوك بەتایبەتی بونیان هەبووەو هەیە تا ئەم ساتەش بریتییە لەبزوتنەوەی هەقە، کەئەم بزوتنەوەیە سەر بەیەکێك لەباڵەکانی کۆمەڵەی ئەهلی دڵە کەئەویش باڵی نەقشەبەندییە.

لەسەرەتادا کەدەستم کرد بەخوێندنەوە لەسەریان چەند خاڵێك زۆر سەرنجیان ڕاکێشام کەهەر ئەو خاڵانەش بون بەهۆکار کەئەم توێژینەوەیان لەسەر بکەم، پوختەی ئەو خاڵانەش خۆی دەبینێتەوە لەسێ خاڵی سەرەکیدا:-

1- ئایا هەقە بزوتنەوەو کۆمەڵەیەك بون، یاخود قوتابخانەو مەزهەبێکی فکری.
2- ئایا ئەمانە لادەرو دەرچون لەدین یاخود بەپێچەوانەوە.
3- ئایە ئەم بزوتنەوەیە هەستاون بەچاکسازی دینی و کۆمەلأیەتی و ئابوری یاخود نا.

وەسروشتی توێژنەوەکەش وای دەخواست کەوا دابەش بکرێت بۆ دوو تەوەری سەرەکی

تەوەری یەکەم: کورتەیەك لەسەر تەریقەتی نەقشەبەندی لەکوردستاندا، وەدەوری بزوتنەوەی هەقە لەم تەریقەیەدا کەئەم تەوەرەش خۆی لەدوو باسدا دەبینێتەوە:

**باسی یەکەم: ناساندنێك بۆ تەریقەتی نەقشەبەندی و دامەزرێنەرو برەو پێدەرەکانی لەکوردستاندا لە مەولانا خالیدی شارەزوورییەوە تا شێخ عبدولکەریمی شەدەڵە.**

**باسی دووەم: پێناسەی هەقە، دامەزرێنەری هەقە، بەشەکانی هەقە، ئایا هەقە بزوتنەوەیە یاخود قوتابخانەیەکی پەروەردەی کۆمەڵایەتییە.**

**تەوەری دووەم: بزوتنەوەی هەقە لەنێوان یاران و نەیارانیدا**

**ئەم تەوەرەش لەدوو باسدا چڕکراوەتەوە:**

**باسی یەکەم: گرنگترین ئەو خاڵانە چین کەبەهۆیەوە ئەم کۆمەڵەیە کەوتونەتە بەر توانج و پلانی نەیارانیان، لەگەڵ لێکۆڵینەوە بۆ یەك بەیەکی خاڵەکان.**

**باسی دووەم: گرنگترین ئەو خاڵە ئەرێنیانەی کەنوسەران لەوەسفی بزوتنەوەی هەقەدا باسیان لێوەکردووە، لەگەڵ بەدیار خستنی بۆچونی خۆمان لەم بارەیەوە.**

**کۆتای توێژینەوەکەش دێنین بەباس کردنی گرنگترین دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان.**

**تەوەری یەکەم: کورتەیەك لەسەر تەسەوف و تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا، وە دەوری بزوتنەوەی هەقە لەم تەریقەتەدا، ئەم تەوەرەش لە دوو باسدا خۆی دەبینێتەوە.**

**باسی یەکەم:- کورتەیەك لەسەر تەسەوف و تەڕیقەتی نەقشبەندی.**

**ئەم باسەش دابەش دەبێت بۆ دوو لق.**

**لقی یەکەم: کورتەیەك لەسەر تەسەوف**

**1-تەسەوف لە زمانەوانیدا:**

**(أ) ئیبن خەلدون لە کتێبی (المقدمە) دا دەڵێت:- قوشەیری وتوویەتی: هیچ بەڵگەو دەلیلێکمان نییە کە ئەم وشەی تەسەوفە لە زمانی عەرەبییەوە هاتبێت، بەڵکو زۆرتر بۆی هەیە ئەم وشەیە نازناوێك بێت و هاتبێتە ناو زمانی عەرەبییەوە. (ابن خلدون: مقدمە ابن خلدون، لا467-468).**

**(ب) هەندێکی کە لە زانایان دەڵێن وشەی (تصوف) لە سۆفیای یۆنانیەوە هاتووە کە بە مانای عاقڵی و دانایی دێت. (رسول: جەعفەر علی، سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورددا، لا18).**

**بەڵام ئەم بۆچوونە وەڵام دراوەتەوە بەوەی:-**

**1-تەسەوفی ئیسلامی زۆر لەمێژتر لە هاتنە ناوەوەی فەلسەفەو مەنتق حیکمە پەیدا بووە، چونکە مێژووی تەسەوفی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی.**

**2-تەسەوفی ئیسلامی بریتی یە لە چێژێکی ناوەکی و پاڵفتەکردنێکی ڕۆحی، ئەمەش کارێکی زۆر دوورە لە بابەت گەلێکی عەقڵی و لۆژیکی، بۆیە ناکرێت بە هیچ جۆرێك بڵێین تەسەوفی ئیسلامی لە سۆفیای ئیغریقیەوە وەرگیراوە.(عبدالحلیم محمود: قچیە التصوف، لا29).**

**(ج): هەندێکی کە وەك ئیبن جەوزی دەڵێن: تەسەوف لە ناوی کابرایەکەوە وەرگیراوە کە خەڵك بە (صوفە)یان بانگ دەکرد. (البدوی: عبدالرحمن، تأریخ التصوف الإسلامی، لا9).**

**دەڵێن: لەسەردەمی نەفامیدا کۆمەڵە کەسانێك هەبوون خۆیان تەرخان کردبوو بۆ پەرستش و سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا کەلەبنەچەیی (غەوسی کوڕی موڕە) بوون، ئەم غەوسەش لەناو خەڵك بەناوبانگ بوو بە (صوفە) دەڵێن ئەم ناوەش بۆ یەکەم جار دایکی بانگی پێ**

کردووە، چونکە هەرچی سکی دەکردو کوڕی دەبوو دەمرد، ئەویش نەزری کرد لەسەر خۆی کە ئەگەر خوای گەورە کوڕێکی پێ ببەخشێت ئەوا خوریەك دەبەستێت لەسەری و ئەیبەخشێت بە ماڵی خوا (کەعبەی پیرۆز)، خوای گەورەش غەوسی پێ بەخشی، غەوسیش لە ناو خەڵکدا ناوبانگی پەیدا کرد بە (صوفە) و ئەم نازناوە لە پاش خۆشی بۆ منداڵەکانی مایەوە.

ئەم بۆچوونەش وەڵام دراوەتەوە لە دوو ڕووەوە:-

یەکەم/ زۆر لە خۆکردن و خۆ ماندو کردنێکی زۆری تێدایە تا بیسەلمێنن کە ناوی (تصوف) لەو کەسەوە سەرچاوەی گرتووە.

دووەم/ ئەو کەسانە دەیانەوێ بڵێن (تصوف) بابەتێکی جاهیلیە بەڵام گومانی تێدا نیە وشەی تەصەوف لە سەردەمی ئیسلامدا بلاّو بووەوە نەك پێش ئەو، هەتا دەکرێت بڵێین یەکەم کەس پێی وترا (سۆفی) بریتی یە لە (ئەبو هاشمی صۆفی) کە لە ساڵی (105)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە، پێش ئەو ئەم نازناوە هەر نەبووە، بۆیە دەڵێین بە هیچ جۆرێك تەسەوف لە ناوی صوفەوە نەهاتووە. (الشافعی: حسن، فی التصوف الإسلامی، لا20).

(د) هەندێکی کەش دەڵێن (تەسەوف) وەرگیراوە لە ناوی ئەهلی (صُفَّە) وە ئەهلی سوفە کۆمەڵە کەسانێکی هەژار بوون کە لانەو جێی حەوانەوەی تایبەت بە خۆیان نەبوو وە لەبەر هەژاری و دەست کورتی ژنیشیان نەدەهێنا بۆیە لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) دەمانەوە و پەرستشیان دەکرد. (الغنیمی: أبو الوفا، مدخل إلی التصوف الإسلامی، لا21). بەڵام ئەو بۆچوونەش هەڵەیە لە ڕووی زمانەوانیەوە، چونکە ئەگەر وشەیەك پاڵبدرێتە لای (صُفَّە) لە زمانی عەرەبی دا دەبێتە (صُفّی) نەك (صوفی) بۆیە زانایان ئەم بۆچوونەشیان ڕەد کردۆتەوە.

(ز) کۆمەڵێ لە زانایان دەڵێن تەصەوف لە وشەی (صفاو)ـەوە هاتووە، واتە: پاڵفتە کردنی دڵ و دەروون لە هەموو چڵك و پیسییەکی وەك بەخیلی و ڕق و دڵ پیسی و هتد.. (القشیری: عبدالکریم: الرسالە القشیریە، لا216-2016).

بەڵام ئەمەش لە ڕووی زمانی عەرەبیەوە دیسان هەڵەیە چونکە ئەگەر لە وشەی (صفا و صفو)ی زمانی عەرەبییەوە بهاتایە ئەوە دەبووە (صفوی) نەك (صۆفی) بۆیە ئەم بۆچوونەش ڕەت کراوەتەوە.

(ر) هەندێکی تر دەڵێن لە (الصف الأول من الصلاە)ـەوە هاتووە، واتە: ڕیزی یەکەمی نوێژ، چونکە ئەمانە هەمیشە لەکاتی نوێژدا زوو هاتوون و لە ڕیزی یەکەمدا

دانیشتوون. (القشیری: عبدالکریم، الرسالە القشیریە، لا217).

بەڵام ئەم بۆچوونەش هەڵەیە چونکە بەگوێرەی ڕۆژگار ئێمە دەبینین هەندێ لە صۆفیەکان لە ڕیزی یەکەمن و هەندێکیشیان لە کۆتا ڕیزن یان لە ڕیزەکانی کەدان بۆیە ناکرێت تەنها بڵێین لە ڕیزی یەکەمدان.

بۆیە بەم شێوەیە ئەم بۆچوونەش ڕەد کرایەوە.

(هـ) هەندێکی کە دەڵێن تەسەوف لە چوار پیت پێك هاتووە هەر پیتێکیش مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە. بۆنمونە: (ت) بە مانای تەوبەیە، وە (ص) بەمانای (صفاو)ـە واتە: پاك بوونەوەی دڵ و ناوەوەی مرۆڤ، هەروەها (واو) بەمانای (الولایە) دێت، واتە: پاڵپشتی کردن و یارمەتی دان، وە (فاو) بە مانای (الفناو فی الله) دێت واتە: هەموو هەست و بیرت سەرقاڵ کەیت تەنها بەخوای گەورەوەو دڵت لای هیچی کە نەبێت.(حمە تۆفیق: ڕێبوار، کۆمەڵەی حەقە لە شێخ عبدالکریمی شەدەڵەوە تا حەمەسوری کڵۆ وقوت، لا22).

ئەم بۆچوونەش دەکرێت وەڵام بدرێتەوە بەوەی کە سەرەتای دروست بوونی تەسەوف لەناو تابعیندا ڕێچکەیەکی هێندە قووڵی نەبووەو باس لە پلەی (الفناو فی الله) هەر نەکراوە بۆیە دەڵێم ئەم بۆچوونەش دیسان دوورە لە ڕاستیەوەو دەکرێت کەوا بڵێم تەنها لەلایەن دۆستانی تەسەوفەوە دانراوەو هیچی تر.

(و) کۆمەڵێکی زۆری زانایان دەڵێن وشەی تەسەوف لە (صوف)ـەوە هاتووە واتە خوری، کە ئەمەش نیشانەیەکی بینراو بووە لەسەر کارێکی کردەیی عیرفانی، کە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە گوی نەدان بە دونیاو ڕوتێنەکردنی و خۆ ساغ کردنەوە بۆ پەرستشی پەروەردگار و نوێژوو خواپەرستی، هەتا دەڵێن زۆرێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) پۆشاکەکانیان خوری بووە، حەسەنی بەسری دەڵێت: گەشتم بە (70) کەس لەوانەی بەشداری غەزای بەدریان کردووە پۆشاکی هەموویان خوری بوو.

بۆیە زۆربەی زانایان پشتگیری ئەم بۆچوونەی كۆتایی دەكەن، وە دەڵێن لە ڕووی زمانەوانیشەوە هیچ گیروگرفتێكی نیە. هەرچەندە ئاگاداری ئەوەیان داوە كە هەموو جارێك پۆشینی پۆشاكی خوری مانای تەقواو لە خوا ترسان نیە، چونكە هەندیك كەس ئەم كارە دەكات تەنها بۆ ئەوەی پێیان بوترێت لەخواترس و پارێزگار، ئەگینا دوورو نزیك بەلای تەسەوف و خوداو دیندا ناچنەوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە هۆزانڤانی گەورە (محمود الوراق) دەڵێت:

تصوف كی يقال له أمينٌ وما يعنى التصوف والأمانه

ولم يرد الإله به ولكن أراد به الگريق إلى الخيانه

واتە: بووە بە صۆفی تەنها بۆ ئەوەی پێی بڵێن صۆفی و دەست پاك، هەرچەند ئەو هیچ لەبارەی تەسەوف و دەست پاكیەوە نازانیَ، وە مەبەستیشی لە كارەكەیدا خوا نیە بەڵكو ئەیەوێت بیكاتە ڕێگەیەك بۆ دەست برین و خیانەت. (أمين: أحمد، ڤهر الإسلام، بەرگی 2، لا150).

لە كۆتاییدا دەڵێم بۆچوونی كۆتاییش لامن لە هەموو بۆچوونەكانی تر بەهێزترە، چونكە هەم زمانەوانی هەم هەڵس و كەوت و جل و پۆشاكی سۆفیەكان لە سەرەتادا پشتگیری ئەم بۆچوونەیان دەكرد.

2-مانای تەسەوف لای زانایانی ئەم بوارە:

(أ) شێخ مەعروفی كەرخی دەڵێت: تەسەوف بریتی یە لە دەست گرتن بە ڕاستیەكانەوە، وە بیَ هیوا بوون لەوەی بەدەست كەسانی دیكەوەیە، واتە: چاوی لە هیچ كەسێكی كە نەبێت و پشتگیری كەری حەق و ڕاستی بێت.

(ب) شێخ جونەیدی بەغدادیش دەڵێت: تەسەوف بریتی یە لەوەی لەگەڵ خودا بیت بەبیَ ئەوەی كەسێكی كە بكەوێتە نێوانتانەوە، واتە: ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودا بیت، كەس نەبێتە واستە لە بەینی تۆو خودادا.

(ت) وە زەنونی میسریش دەڵێت: تەسەوف بریتییە لەوەی كە خۆت بە كۆكردنەوەی دونیاوە خەریك نەكەیت و پیاوی كەسیش نەبیت و تەنها و تەنها بەندایەتی خودا بكەیت. (سەرچاوەی پێشوو، لا152-153).

(پ) ئیمامی غەزالیش دەڵێت: سۆفیگەری كارێكی دەروونی مرۆڤە هیچ كەسێك ناتوانێت بە تەواوی تێبگات وە ئەحكامەكانی بگەیەنێتە حەقیقەت، بەڵكو هەندێك كاری دەرەكی بەرچاو دەبێتە پێوەر بۆ ئەوەی زانایان و عارفان ناوی تەسەوفی لیَ بنێن. (تەیفور:عارف،تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەدی سەرداری سەرگەڵوییەوە بەرەو هەقە، لا213).

لقی دووەم: كورتەیەك لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی

سەرەتا:- تەریقەتی نەقشبەندی دەدرێتە پاڵ یەكەم خەلیفەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لیَ بێت) ئەویش ئیمامی ئەبوبەكری سدیقە (ك: 13ك-632ز).

سۆفیەكان ئیمامی ئەبو بەكر بەیەكەم دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە دادەنێن وە دەڵێن: ئەویش لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وەری گرتووە، چونكە دەڵێن: وەك زانراوە ئیمامی ئەبو بەكر جێنشینی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) هەم لە زانستەكەیدا وە هەم لە حوكم و دەسەڵاتەكەیدا، (درنيقه: محمد أحمد، الگريقه النقشبنديه وأعلامها، لا10).وە بەڵگە بەچەند فەرموودەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەهێننەوە، لەوانە دەڵێن پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: " لو كنت متخژا خليلا لاتخژت أبا بكر خليلا، ولكن أخی وصاحبی، وقد اتخژ الله صاحبكم خليلا" (صحيح مسلم، بەرگی7، لا108، دار الافاق). وە لەناو سۆفیەكاندا وا باوە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) زیكری شاراوەی (الژكر الخفی) فێری ئیمامی ئەبو بەكر كردووە كاتێك كەوا هەردووكیان لە ئەشكەوتی سەور بوون لەكاتی سەفەر كردنیاندا بۆ مەدینەی پیرۆز. (درنيقه: محمد أحمد، الگريقه النقشبنديه وأعلامها، لا10).

بەلاَم ئەوەندە هەیە كە پێویستە بزانرێت كەوا تەریقەتی نەقشبەندی ئەو بنەماو پایانەی كە جیای دەكاتەوە لەهەموو تەریقەتەكانی دیكە، وەدەیكات بە تەریقەتێكی تایبەتمەند لە چوار كەسەوە وەری گرتووە. 1- سەلمانی فارسی. 2-ئەبو یەزیدی تەیفوری بەستامی. 3-عبدالخالق الغجدوانی. 4-محمد بەهادینی ئەوسی بوخاری كە ناسراوە بە شای نەقشەبەند.

وە ئەم تەریقەتە لەکاتی دروست بوونیەوە هەتا ئێستا بە چەندەها ناو ناسراوە لەوانە:

1- لەسەردەمی ئیمامی ئەبو بەکرەوە هەتا سەردەمی ئەبو یەزیدی بەستامی بەناوبانگ بووە بە تەریقەتی سدیقیە، بەو مانایەی دراوەتە پاڵ ئەبو بەکری سدیق (ڕەزای خوای لێ بێت).

2- لەسەردەمی ئەبو یەزیدی بەستامی هەتا سەردەمی عبدالخالق غەجدەوانی ناوبراوە بە تەریقەتی تەیفوری، پاڵپشت بەوەی ناوی یەکەمی ئەبو یەزید (تەیفور)بووە، وەك زانراوە ئەبو یەزید کونیەکەیەتی واتە (نازناوەکەیەتی).

3- وە لەسەردەمی عبدالخالقی غەجدەوانی هەتا سەردەمی محمد بەهادینی ناسراو بە شای نەقشەبەند پێی وتراوە خەواجەکان، پاڵپشت بەئەو زکرەی خەواجەکان داخلی ناو تەریقەتەکەیان کرد کە لە پاشان زیکرەکەش هەر بەناوی ئەوانەوە ناونراوە.

4- پاشان لەسەردەمی (محمد بەهائودینـەوە) ئەم ڕێڕەوە ناوی نەقشەبەندی بەسەرا دابڕا. (حەمە تۆفیق: ڕێبوار، کۆمەڵەی حەقە لە شێخ عبدالکریمی شەدەڵەوە تا حەمە سوری کلاو قوت، لا29).

نەقشەبەندیش وشەیەکی فارسییە لە دوو برگە پێك هاتووە: برگەی یەکەمیان (نقش) کە بە کوردیش نەخشی پێ دەڵێن کە بە مانای ئەو ڕەسم و نیشانانە دێت کە لەسەر شتێکی کەی دادەنێیت.

(بەند): بە مانای هەڵکۆڵین دێت، جا هەردوو برگەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زیکر چەند تەئسیر لە دڵی مرۆڤی بڕوادار دەکات وە چۆن شوێنی خۆی تێدا هەڵدەکۆڵێت. (الجوم حیدری، جواد فقی علی، مولانا خال النقشبندی ومنهجه في التصوف، لا215).

(تەریقەتی نەقشبەندی و بلاّو بوونەوەی لە ناو کوردانلدا)

وا باس دەکرێت کە مەولانا خالیدی نەقشەبەندی. (بەپێی بۆچونی شیخ محمدی خال: ناوی تەواوی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بریتی یە لە خالیدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حوسێنی جاف میکائیلیە، لە ساڵی: (1193کوچی بەرامبەر بە 1779ز) لە ناوچەی قەرەداغی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایك بووە وە لە نەوەی پیر میکائیلی شەش پەنجەیە، دایکی ناوی فاتیمەیە و لەنەوەی ساداتی پیرخدریە لە باوکیەوە دەچێتە سەر خەلیفە عوسمانی کوری عەففان، مەولانا خالید خوێندنی ئایینی لەژێر دەستی مەلا گەورەکانی کوردستاندا تەواو کردووە وەك سید عبدالکریمی بەرزنجی و شیخ عبدالله ی خەرپانی و مەلا ئیبراهیمی بیارەو مەلا ساڵحی تەرەماری و وە تەریقەتی نەقشەبەندی لەسەر دەستی شیخ عبدالله ی دەهلەوی وەرگرتووە، پاشان بە مەبەستی ئیرشاد کردن گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و پاشان بەهۆی ناکۆکیەوە لەگەڵ میرەکانی بابان بەیەکجاری کۆچی کردووە بۆ بەغداو لەوێشەوە بۆ شام، هەر لولاّتی شام بەهۆی تاعونەوە کۆچی دوایی کردووە. (سەید تاهیری هاشمی، مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: دلێر میرزا، چاپخانەی قانع، سلێمانی، 2004ز، لا33-40).

یەکەم کەس بووە کە تەریقەتی نەقشبەندی هێنابێتە نێو ولاّتی کوردان، بەلاّم ئەم بیرو بۆچوونە هەڵەیە بەلای هەندێ لە نوسەرانی دیکەوە، ئەوان دەڵێن بێگومان پێش مەولانا خالیدی نەقشەبەندیش چەند کەسێکی کە هەبوون کە لەسەر ڕێبازی نەقشەبەندی بوون لە کوردستاندا. (دەڵێن لە ناوچەی جەزیرە لە کوردستانی سوریا لە ساڵی (1046هـ-1636م) شێخ محمودی کوڕی ئەبو بەکری جەزیری تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووە لە شێخ محمد زەمان ئەفەندی لە قودس، کە شێخ محەمەد زەمانیش بلاّو کردنەوەی ئەو تەریقەتەی بە شێخ محمود جەزیری سپاردووە لە ناوچەی جەزیرەو شامدا. (الجوم حیدری، جواد فقی علی، مولانا خالد النقشبندی ومنهجه في التصوف، لا210).

بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەوانەی پێش مەولانا خالید هەڵنەساون بە بلاّو کردنەوەی ڕێبازەکە، لەپاش وەفاتیان ناویان نەماوەو هیچ کەسیش دامەزراندنی ڕێبازەکەی نەداوەتە پاڵیان، بەلاّم مەولانا خالدی نەقشەبەندی (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبەر ئەو خزمەتە زۆرەی بە ڕێبازی نەقشەبەندی گەیاندووە هەم بە دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە دادەنرێت لە عێراق و شامدا، وە هەم بە تازاکەرەوەیشی ناودەبرێت لە هەموو جیهاندا (گۆڤاری خاڵ، ژمارە 16، لا86-87).

وە پێویستە بزانرێت زنجیرەی ڕێبازی نەقشەبەندی لە مەولانا خالدی نەقشەبەندیەوە بە (35) کەسی دیکە دەگاتە پێغەمبەری

خوا (صلى الله عليه وسلم) بەم شێوەیەی خوارەوە:-

1-مەولانا خالدی نەقشبەندی ناسراوە بە ژوا الجناحين. 2-شیخ (عبدالله)ی دەهلەوی.

3-حبيب الله جان جانان مگهر. 4-محمد نور محمد البدوانى. 5-السيد محمد سيف الدين السرهندى. 6-عن الشيخ محمد معصوم. 7-الشيخ أحمد بن عبد الّحد الفاروقى السرهندى. 8- عن الشيخ محمد الباقى بالله. 9-محمد خواجكى الامگنگى البخارى. 10- من درويش محمد السمرقندى. 11-عن الشيخ محمد الزاهد السمرقندى. 12-الشيخ عبيدالله الّحرار السمرقندى. 13-عن شيخ يعقوب بن عيمان الچرخى يم الّفغانى. 14-الشيخ علاو الدين العگار. 15- شيخ بهاو الدين المشهور بشاه النقشبند. 16- عن السيد امير گيلال. 17-عن الشيخ محمد باب السمّاسى. 18-الشيخ الرامتينى البخارى المشهور بخواجه العزيزان. 19-وعن خواجه محمود الإنجير فغنوى البخارى. 20-عن خواجه محمد عارف الريوگرى. 21-عن خواجه عبدالخالق الغجدوانى. 22-عن خواجه يوسف بن أيوب الهمدانى. 23- عن خواجه أبى على الفچل بن محمد الفارمدى. 24-عن خواجه أبى الحسن على بن أحمد الخرقانى البخارى. 25-عن أبى يزيد البسگامى. 26-عن الإمام على رچا. 27-عن أبيه الإمام موسى الكاڤم. 28-وهو عن أبيه الإمام جعفر الصادق. 29-وهو عن الإمام القاسم بن محمد بن أبى بكر الصديق. 30-عن سيدنا سلمان الفارسى. 31-عن سيدنا أبو بكر الصديق (رچى الله عنه). 32-عن سيد الخلق رسول الله (صلى الله عليه وسلم) (الرفاعى: الشيخ جميل حليم، الرشقات العنبريه فى فچل وعقيده إمام النقشبنديه، لا141-142-143؛ ودرنيقه: محمد أحمد: الگريقه النقشبنديه وأعلامها، لا56).

بەڵێ وەك باسمان كرد پێشتر یەكەم كەسێ كەوا تەریقەتی نەقشبەندی بڵاو كردەوە لە ناو كوردستان بریتی بوو لە مەولانا خالیدی نەقشەبەندی (رەحمەتی خوای لێ بێت)، كە بۆ یەكەم جار لە ساڵی (1808ز) لە تەمەنی (30) ساڵیدا ڕو دەكاتە هیندستان لە شاری (دەهلی) چەندین ساڵ لەبەر دەستی (شیخ عبداللە ی دەهلەوی) دا خەڵوە دەكێشێت و تەمەسووكی پێوە دەكات و ئیرشادی تەریقەتەكەی لێوەردەگرێت، لە ساڵی (1811ز) دەگەڕێتەوە بۆ عێراق بەمەبەستی ئیرشادو ڕێنموونیكردنی موسڵمانان لە نێوان سلێمانی و بەغدادا جێگۆركێ دەكات. (شەپۆل إبراهیم: ژیانەوەی زانایانی كورد لە جیهانی ئیسلامیدا، لا28-40).

وەدەكرێت بڵێین: ساڵانی: (1811-1820) بە پڕ بەرهەمترین ڕۆژانی ئەم ڕێبازە لە كوردستاندا دەژمێردرێت، كاتێك ژمارەیەكی زۆری خەڵك بە گەڕانەوەی مەولانا خالید لە ساڵی (1811ز) بۆ سلێمانی هاتنە سەر ڕێبازەكەی بەتایبەتی ئەو توێژە بازاڕیەی كە هەلومەرجی پڕ شەڕو شۆڕی میرنشین زیانی لە بەرژەوەندیەكانیان دەدا).

تەنانەت خەڵكانێكیش كە لە توێژی خوارەوە بوون و دژی دەرەبەگەكان بون بە شێوەیەك لە شێوەكان لەگەڵ هێزی سیاسی و ئایینی و كۆمەڵایەتی پایتەختدا بوون و نەیارێتی میرنشینەكانیان دەكرد، ئەمانەو چەندین خاڵی تریش وایان كرد زۆر بە خێرایی ڕێبازەكە پەرە بسێنێت و بە كوردستان و سەرجەم ناوچەكەدا بڵاو ببێتەوە هەروەكو ریچ دەڵێت: (لەسەرانسەری توركیاو وڵاتە عەرەبیەكاندا (12000) دوازدە هەزار موریدی هەیە، مامۆستا مەلا عبدالكریمی مودەریسیش ژمارەی خەلیفە كوردەكانی مەولانا خالید بە 34 خەلیفەو خەلیفە بێگانەكانیشی بە (33) خەلیفە دادەنێت)، هەروەها ((عەباس عەزاوی))یش موریدانی تەریقەتی نەقشەبەندی لە هەموو وڵاتەكاندا بە بیست هەزار كەس دادەنێت. (مدرس عبدالكریم، یادی مەروان،ب1، لا66 بۆ دواوە. كولودیوس جیمس، رحله ریج فی العراق، لا98).

ئەوەی گرنگە لێرەوە باسی بكەین ئەوەیە كەوا تەریقەتی سۆفیگەری لەسەردەمی چوارەمی كۆچیەوە لە ڕێگای محمد نور بەخشیەوە هاتە كوردستان كە بە تەریقەتی نور بەخشی ناسراوە، (الچوم حیدری: جواد فقی علی، مولانا خالد النقشبندی ومنهجه فی التصوف، لا208).

بەڵام بە شێوەیەكی گشتی تەریقەتەكانی كوردستان دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

یەكەم: تەریقەتەكانی كوردی شیعە كە نیعمەت ئیلاهی و خاكساری دەگرێتەوە.

دووەم:تەریقەتی كوردی سوننە كە قادری و نەقشبەندی دەگرێتەوە. (ئەحمەد: بهاو الدین، بزوتنەوەی حەقە لە هەرێمی كوردستان، لا2).

پاش ئەم تەریقەتی (عەلەویکان) دێت کە بە لقێك لە تەریقەتی خەڵوەتی ناسراوەو سید (محمد بابە رەسوڵ) هێناویەتە کوردستان. (الچوم حیدری، جواد فقی علی، المصدر السابق، لا20).

بەڵام تەریقەتی نەقشبەندی پاش بلاّو بوبوونەوەی لە کوردستاندا لەلایەن زۆرێك لەسەرانی تەریقەتی قادریەوە دژایەتی کرا کە دەتوانین کورتەی ئەو دژایەتی کردنە بەم شێوازەی خوارەوە باس بکەین.

مامۆستا عبدالکریمی مودەریس لە کتێبە بەناوبانگەکەی دا (یادی مەردان) دا دەڵێت: ((کە ناوبانگ و شۆرەتی مەولانا لە هەموو لایەکەوە بلاّو دەبێتەوەو مورید و مەنسوب لەملاو لاوە دائەبارین بەسەریدا ئەوانەی کە سوودو قازانجیان لەگەڵ بوونی مەولانادا لە سولەیمانی یەکی نەدەگرتەوە ئەبن بە ناحەزی و دەست دەکەن بە قسە بلاّو کردنەوە لە دژی و گەلێ شتی نارەواو نادروست بە دەمیەوە هەڵدەبەستن و رۆژ بە رۆژ ئەم قسانە روو لە زیادی و زۆر بوون ئەبێ، مەولانا هەرچەندە حیلم و حەوسەڵە پیشان ئەداو بە چاکە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا دەکات بەڵکو ئەمە خوایە بگەرێنەوە بۆ سەر رێگای راست و گەلێ جاریش دوعای خێریان بۆ ئەکا کە خوا چاکیان بکات، هیچی سوود بەخش نابێت، ناچار بۆ کوژاندنەوەی ئاگری ئاژاوە و فیتنە، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە ناوچەی بابان پڕ بووە لە پشێوی بەهۆی هەرای نەبراوەی نێوان خالید پاشای کوری ئەحمەد پاشاو عبدالرحمن پاشای کوری ئەحمەد پاشای گەورە، مەولانا بریار ئەدا لە سولەیمانی نەمێنێتەوە تا ئەم ناکۆکیە نەبێ بەهۆی بەلاّو موسیبەت بۆ موسڵمانان و نیازی سەفەری بەغدا ئەکا). (یادی مەردان: ب1، لا29).

مامۆستا عبدالکریم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: بەڵام پاش ماوەیەك بارودۆخی سولەیمانی گۆراو محمود پاشای کوری عبدالرحمن پاشا بوو بە فەرمانداری ولاّتی بابان و نێوانی بەغداو سولەیمانی باش بوو، پاش ماوەیەك محمود پاشای بابان بە سەفەرێك دەچێتە بەغدا و سەردانی تەکیەی خالیدیە دەکات لەوێ چاوی بە مەولانا خالید دەکەوێت و دەیبینێت لە بەغدا گەورە زانایانی ئەو دەڤەرە بەچی چاوێکی رێزو خۆشەویستی یەوە لە مەولانا دەروانن و چ قەدرو پلەو پایەیەکی هەیە بۆیە تکا دەکات لە مەولانا خالید کەوا لە هەموو هەڵەو کەم و کورتیەکانی پێشتری خۆش ببێت و بگەرێتەوە بۆ سلێمانی، وە بەڵێنی هەموو هاوکاریەکی پێ دەدات لەلایەن خۆیەوە، مەولاناش لەبەر شەوق و تاسەی زۆری بۆ وەتەن و ولاّتی خۆی رازی دەبێت بە داواکاریەکەی محمود پاشاو دەگەرێتەوە بۆ سلێمانی. مێژووی ئەم گەرانەوەیەش بە ساڵی (1231ك) دیاری کراوە.

هەرچۆن بێت مەولانا هاتەوە بۆ سلێمانی و مەحمود پاشاش بەراستی خزمەتێکی زۆری کرد، ئەم خانەقا گەورەیە کە ئێستا هەیە لە سلێمانی بەناوی مەولاناوە ئەو بۆی دروست کردووە، پاشان هەندێ موڵکی باشیشی وەك دێی (کەمالاّن) و چەند دێیەکی تر لەسەر خانەقا وەقف ئەکا بۆ ژیاندنی هەژاران و دانیشتوانی.

بەڵام پاش مانەوەی شەش ساڵێك لە سولەیمانی بە دیاری کراوی لە ساڵی (1236ك) کە رێکەوتی 1820/10/25ز دەکات بەیەکجاری سولەیمانی بەجێ دەهێڵێت و روو دەکاتە بەغدا بۆ جارێکی دی دەچێتەوە تەکیەو خانەقای خالیدیەو لەوێ دەست دەکاتەوە بە دەرس و ئیرشاد. (مدرس: عبدالکریم: یادی مەردان،ب1، لا29-30. چوم حیدری، المصدر السابق، لا81-88).

لەبارەی هۆکاری کۆچکردنی مەولانا بۆ جاری سێیەم لە سلێمانیەوە بۆ بەغدا توێژەران و لێکۆڵەران باس لە چەند هۆکارێك دەکەن کە گرینگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:-

1-پشێوی بارودۆخی سیاسی سلێمانی و ناکۆکی میرانی بابان لە نێو خۆیاندا.

2-بەخیلی و ئیرەیی بردن بە مەولانا لەلایەن زۆرێك لەو مەلایانەی کە هاورێی خوێندنی مەولانا بوون و لەو سەردەمەدا ئەوان هێندەی مەولانا ناسراوی و خۆشەویستی نێو خەڵکیان نەبوو، یاخود لەلایەن ئەو بەناو شێخانەی کە مەولانایان بە خەتەرێکی زۆر دەزانی بۆ سەر رێگەو مەکانەتی کۆمەلاّیەتی خۆیان.

3-هاندانی شێخ مەعروفی نۆدێهی لەلایەن گروپی دووەمەوە بە هەڵواسینی سەدەها تۆمەت دژی مەولانا، پاشان هەوڵدانی شێخ مەعروف بۆ وەستاندنی ئەو بانگەوازەی کەوا مەولانا دەستی پێ کردبوو.

ئەمانەو چەندان هۆکاری دیکە بوونە هۆی ئەوەی کەوا مەولانا سولێمانی جێ بهێڵێ و رووبکاتە بەغدا.

پاش مانەوەی لە بەغدا و خەریك بوونی مەولانا بە ئیرشاد و ئامۆژگاری موریدانی سەدەها زاناو دانای دیکە لە هەموو شارو شارۆچکەو ولاّتانی دەوروبەرەوە ڕوو دەکەنە نێو ئەم ڕێبازە و برەو بە بلاّوکردنەوەی دەدەن، سەرباری هەموو ئەمانەش (داود پاشا)ی لێپرسراوی شاری بەغدادیش ڕێزێکی زۆر لە مەولانا دەنێت و خانەقاو تەکیەکەی بۆ نۆژەن دەکاتەوە، بەلاّم مەولانا لەبەر ئەوەی نەخۆی نە خێزانەکەی فێری گەرمای بەغدا نین بۆیە بە هاوینان دەگەڕانەوە بۆ هەوارگەکانی خۆیان لە ناوچەی هەورامان، لە هاوینی سالّی 1238ك کاتێك کە لە هەوار دەبێت لە هەورامان، نامەو داخوازی لە خەلّکی شامەوە بۆ دێت و لەسەر داوای ئەوان بڕیاری چوون بۆ شام دەدات.

پاشان مەولانا لە شام بەرقەرار دەبێت و لەوێ دەمێنێتەوە، کاتەکانی خۆی بە ڕێنمایی و بلاّو کردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندیەوە بەسەر دەبات و هەزارەها لایەنگری ئەم ڕێبازە لە هەموو لایەکی جیهانەوە ڕوو دەکەنە ڕێنمایی و تەریقەتەکەی، تا دواجار لە سالّی (1827ز) بەهۆی نەخۆشی تاعەنەوە لە شام کۆچی دوایی دەکات و خوای گەورە گۆڕی پڕ نووڕ بکات. (المدرس: عبدالکریم، المصدر السابق،ب1، لا31. شەپۆل: ئیبراهیم، ژیانەوەی زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامیدا، لا37-39).

(خەسلّەت و بنەماکانی ڕێبازی نەقشبەندی)

ڕێبازی نەقشبەندی وەك ڕێبازێکی ئایینی ئیسلام کۆمەلّێك بنەمای گرنگی هەیە کە لە(11) یانزە بنەمادا دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین کە (عبدالخالق گۆجەوانی) هەشتیانی داناوە، پاشان مەولانا خالید هەستاوە بە گەشەپێدانی ئەم بنەمایانە و سێ دانەی کەی بۆ زیاد کردووە.

هەشت بنەمای عبدالخالق گۆجەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە.

1-هۆش هەنوکەی:-واتە: نابێت بێ ئاگایی و غافلّ بوون زەفەر بە کارو کردەوەو تەنانەت هەستەکانیشی بەرێت.

2-سەربەرزکردنەوە: مەبەستی دوور کەوتنەوەیە لە ڕوانینی حەڕام، پێویستە پەیڕەوکاری نەقشەبەندی سەیری بەردەمی خۆی بکات و سەیری ئەملاو ئەو لای خۆی نەکات تا بیری بەلای شتی ترەوە بچێت.

3-گەشت لە نیشتمان: واتە: پێویست ناکات پەیڕەو کاری ئەم ڕێبازە گەشت بکاتب بۆ ولاّتی غەریبی لەپێناوی مەرامەکانیدا، بەلّکو پیویستە لە کردارو ئاکاری ناپەسەندەوە گەشت بکاتب بۆ ڕەوشت و ئاکاری پەسەند و دروست.

4-تەنیایی لەناو گۆڕدا: واتە: پێویستە بە ڕوخسارو ڕوالّەت لەناو مەجلیس و کۆمەلّ دابێت، بەلاّم بە ناوەڕۆك و دلّ لەگەلّ خودا بێت.

5-یاد کردن (زیکر): بریتی یە لە یادکردنی خوای گەورە بە زارەکی یان بە دلّ.

6-گەڕانەوە: واتە: کەسی یاد کەرەوە هەمیشە خودای لەدلّدابێت، مەبەست و نیازی زیکرو یادەکەی تەنها خودا بێت و ڕۆژانە تەوبەو گەڕانەوەی هەبێت بۆ لای خودا.

7-پارێزگاری: مەبەست پارێزگاری کردنە لەو یادو زیکرە، بەوەی کە لە ساتێکدا چەند جار ئەو ویردە دووبارە بکاتەوە، بۆ ئەوەی بیرو هۆشی بەلای شتی تردا نەڕوات و پارێزگاری لەو ئاڕاستەیە بکات کە گرتوویەتیە بەر.

8-بیرهێنانەوە: پێویستە پەیڕەوکاری نەقشەبەندی بەردەوام وشەو ویردەکان لەڕووی هۆشداری و بەئاگاییەوە بلّێت و لەهەموو کاتێکدا بزانێت کە ئەو لە بارەگای خودای گەورەدایە.

ئەمانە ئەو خالاّنە بوون کە وەك وتمان (خواجە عبدالخالق گۆجەوانی) بۆ ڕێبازەکەی داناوە.

(سەید تاهیری هاشم: مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشەبەندی، لە فارسیەوە: دلێر میرزا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2002ز، لا6).

بەلاّم سەبارەت بەو بنەمایانەی کە لەدوای ناوبراو (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) بۆ ڕێبازەکەی وەك بنەما زیاد کردووە بریتین لە:-

1-وەستانی کاتی: مەبەست لەوەیە کە پەیڕەوکاری نەقشەبەندی لەگەلّ خوای خۆیدا چەند کاتێك گفتوگۆ بکات و بزانێت لە دۆخی بێ

ئاگایدایە یان لەدۆخی ئاگاییدایە.

2-وەستانی ژمارەیی: واتە: یاد کەرەوە لەکاتی یاد کردنەوەدا (زیکر) پێویستە ڕەچاوی ژمارەیی زیکرو یادکردنەوەکانی بکات و لە هەر هەناسەیەکدا سێ یان پێنج یان حەوت تاوەکو بیست و حەوت جار بەردەوام بێت.

3-وەستان لە دڵدا:-واتە: لەکاتی یادکردنەوەو زیکردا دڵت لای خودا بێت و بەبێ سەرقاڵبوونی زیاد لە پێویست بە دونیاوە. (سەلاحەدین: شێخ تائیب، ڕێبازی نەقشبەندی و تەسەوف، چاپخانەی قانع، سلێمانی، 2004ز، لا21-23).

(تەریقەتی نەقشبەندی لەناوچەی سورداش)

لەناوچەی سورداشدا شێخ ئەحمەدی سەردار تەریقەتی نەقشەبەندی لەسەر دەستی مەولانا خالید وەرگرتووە، وە لە چۆنیەتی یەك بینینی شێخ ئەحمەدی سەردار و مەولانا خالید بۆ یەکەم جار، وە وەرگرتنی ئەم تەریقەتە لەلایەن ناوبروەوە لەسەر دەستی مەولانا خالید ماموّستا عبدالکریمی مودەریس ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت:

یەکێکی دیکە لە خەلیفەکانی مەولانا بریتییە لە سەید ئەحمەدی سەرگەڵۆیی بەرزنجی کە ناسراو بووە بە سەید ئەحمەدی سەردار، پاش ئەوەی مەولانا لە هیندستانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی دەست دەکات بە ئیرشاد و ڕێنمایی خەڵکی، مورید لە هەموو لایەکەوە دێن بۆ خزمەتی، ناحەزان ئەیانەوێت زیانی پێ بگەیەنن، سەید ئەحمەدیش بەم نیازە لەسەر گەڵووەوە دێت بۆ سلێمانی، مەولاناش لە ڕۆژی جومعەدا لە پاش نوێژی جومعە کە لە مزگەوتی گەورە دێتە دەرەوە تەوەجوهێکی لێ ئەکات و ئەویش جەزبە دەیگرێت، وە لەمەوە تەریقەت لەسەر دەستی مەولانادا وەرئەگرێت و دەست دەکات بە سلوك کردن لای تا بە پایەی خەلیفەیی ئەگات و ئیجازەی ئیرشادی لێ وەرئەگرێت.

مەولانا لە نوسراوێکدا بە (أخونا أحمد) ناوی سەید ئەحمەد دێنێت، ئەم زاتە خزمەتێکی زۆری لە حەیاتیدا بە موسڵمانان گەیاندووە. (ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەفە، مستەفا عەسکەری، لا24. یادی مەردان، ب1، لا71).

ماموّستا (کەریم زەند) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ئاینستان) کەوتۆتە هەڵەوە لەوەدا کەوا دەڵێت: یەکەم کەسێ کە تەریقەی نەقشبەندی لە مەولانا خالید وەرگرتبێت لە ناوچەی سورداش بریتی بوو لە (قادرە سووری کوڕی شێخ ئەحمەدی سەردار) پاش ئەویش شێخ ئەحمەدی سەردار ئەم تەریقەتەی وەرگرتووە، ئێمەش وەڵامی بۆچوونەکەی بەڕێزیان دەدەینەوەو دەڵێین هەڵەیە لە دوو ڕووەوە:

1-لەناو خەلیفە کوردەکانی مەولانادا کەنوسەران ئاماژەیان پێداوە ئەم ناوەمان چنگ ناکەوێت، بەڵێ ماموّستا عبدالکریمی مودەڕیس ناوی یەکێك دەبات لە خەلیفەکانی مەولانا کە بریتی بووە لە شێخ عبدالقادری بەرزنجی سەرگەڵۆیی، بەڵام وەك دوایی لە ژیانەکەیدا دەردەکەوێت ئەو کەسە لە مەدینەوە دێتە خزمەت مەولانا و تەریقەت لەسەر دەستی مەولانا وەردەگرێت و پاشان دەگەڕێتەوە مەدینەو هەر لەوێش کۆچی دوایی دەکات، بۆیە ناکرێت بڵێین ئەوە شێخ قادرە سوورە.

2-دواتر کاتێك مەولانا خالیدی نەقشبەندی سەردانی سەرگەڵۆی کردووە بە تەنها نەبووە بەڵکو شێخ ئەحمەدی سەرداری لە خزمەتدا بووە.

کەواتە یەکەم کەس کە ئەم ڕێبازەی وەرگرت لە شێخانی شەدەڵە بریتی بووە لە شێخ ئەحمەدی سەردار، پاش ئەویش کوڕەکەی بەناوی شێخ قادری سوور تەریقەتی خەڵکی داداوە، ئەمجا حاجی شێخ ڕەزای عەسکەر تەریقەتی داداوە، پاشان وەك شێخ حوسێنی خانەقا دەڵێت: شێخ ڕەزای کوڕی شێخ عوسمانی کوڕی شێخ قادری قەڵاسێوکە بە وەسیەتی شێخ عبدالقادری کوڕی شێخ ئەحمەدی سەردار بووە بە شێخ و ئیرشاد دەر، کە وەسیەتی شێخێتی بۆ هیچ کام لە کوڕەکانی نەکردووەو شێخ ڕەزای هەڵبژاردووە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە مەسەلەکە بەڕاستی ئیرشاد بووە نەك سوودی خێزان و منداڵ}.

حاجی شێخ ڕەزای عەسکەریش پاش خۆی شێخ محمدی ئیلەلای کردووە (ئیللەلا، گوندێکە لە دەشتی کۆیە. نوسەر) بە جێگری خۆی، لەدوای ئەویش شێخ مستەفای کوڕی شێخ ڕەزا تا ساڵی 1915ز تەریقەتی داداوەو لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کردووەو لەسەر وەسیەتی ئەم

حاجی شێخ مستەفا پاش ئەو شێخ مەلا ئەحمەدی گەڵنێری (گەڵنێر گوندێکە کە سەر بە ناحیەی میرزا ڕۆستەم بووە لە قەزای ڕانیە، ئێستا بووە بە ژێر ئاوی دوکانەوە) دانراوەو تەریقەتی داداوەتا ئەمیش ساڵی 1919ز کۆچی دوایی دەکات، پاش ئەمیش لە ساڵی 1920ز شێخ عبدالکریمی شەدەڵە دەستی کردووە بە ئیرشادوو خەڵکێکی زۆر لە ناوچەی سورداش و مەرگەو میرزا رۆستەم و بەری کۆیەو ئاغجەلەرو شوان تەریقەتیان لەسەر دەستی ئەودا وەرگرتووە.

باسی دووەم:

پێناسەی هەقە، دامەزرێنەری هەقە، بەشەکانی هەقە، ئایا هەقە بزوتنەوەیە یاخود قوتابخانەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە.

1- پێناسەی زاراوەی هەقە.

لای پەیڕەوانی هەقە وشەی هەقە لەوەوە هاتووە کە هەموو کات ڕێگای هەقیان گرتووە، خۆیان بە هەق زانیوەو هەموو کات پاڵپشتی هەق بوون، چونکە وشەی هەق لە تەریقەتەوە هاتووە، هەموو کاتیش بە کرداری باشیان وتووە هەق، وە بە کرداری ناڕەوایان وتووە ناهەق، بۆیە هەموو کاتێك وشەی هەقە بەسەر زاریانەوە بووە لەبەر ئەم هۆیانە لە کوردستان بە هەقە ناسراون. (محمود: هاوڕێ، بزوتنەوەی هەقە و ڕەنگ دانەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ص23).

(هاوڕێ باخەوانیش) بەم شێوەیە دەیان ناسێنێت و دەڵێت: "لێرەدا جێی خۆیەتی کە پەنجە بۆ بزوتنەوەیەکی تری ئایینی ڕابکێشین کە بە مەبەستی خۆماڵی کردن و گۆڕینی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا هاتە دی، کە ئەویش بزوتنەوەی (هەقە) بوو، کە لە سیەکانی ئەم سەدەیەدا لە ناوچەکانی (سورداش، باشووری کوردستاندا) سەری هەڵداو ترسناکترینی ئەو بزوتنەوە ئاینیانەیە کە لە کوردستاندا ڕووی داوە، چونکە بە شێوەیەکی ڕەها چەند بنەمایەکی ئاینی ئیسلامیان داوەتە دواوەو لە جێیدا چەند پرەنسیپێکی (سۆشیالیستانەیان) دانابوو کە زۆربەی خەڵکی ناوچەکە باوەڕیان پێ هێنابوو نازناوی (هەقە)یان وەرگرتبوو لە جیاتی (موسڵمان) کە (شێخ عبدالکریمی شەدەڵە) و (مامە ڕەزا)ی کەلکە سماقی دیارترینی ڕابەرەکانیان بوون و خاوەنی زۆر بیری پێشکەوتوو خوازانە بوون". (نورەدینی: مەلا سمایل، سێ باڵەکەی بزوتنەوەی هەقە،لا5).

د.جمال باجەلانیش دەڵێت: بۆیە پێیان وتراوە هەقە چونکە لای ئەوان واباو بووە کە گەیشتوونەتە هەقیقەت و کرۆکی دین، وە هەموو بنەماو پایەکانی دینیان بڕیوە تا گەیشتوونەتە ئەو پلەیەی کە پەیوەندی ئەوان لەگەڵ دیندا لە چوارچێوەی هەقیقەتەکەی دەرناچێت). (باجەلانی: د.جمال محمد، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ.6، ساڵی 2006، ص388).

2- دامەزرێنەری هەقە: بە بۆچوونی زۆربەی هەرە زۆری زانایان حاجی شێخ عبدالکریمی شەدەڵە کە لەدایك بووی ساڵی (1310ك-1892-1893ز) لە ساڵی (1340ك-1922ز) یەکەم کەس بووە ئەم بزوتنەوەیەی داناوە. (عەسکەری: مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، لا31-32).

هەر لەم بارەیەوە (مارتن ڤان برونسن) کە دانەری پەڕاوی (ئاغاو شێخ و دەوڵەتە) دەڵێت: {شێخ عبدالکریمی سەرگەڵو هەرچەندە بە نەقشی دادەنرێت وە لێ هێندە لە تەریقەتەکە دوور کەوتۆتەوە کە دەتوانرێت بە ڕێچکەیەکی نوێ ناو ببرێت} . (برۆنەسن، مارتن ڤان، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، بەرگی 2، لا223).

بەڵام (شەدمۆنز) پێی وایە کە دامەزرینەری بزوتنەوەی هەقە بریتی یە لە شێخ عارڤ ئامۆزای شێخ عبدالکریمی شەدەڵە. (ادمونز: سی جی، کرد، ترك، عرب، لا187).

بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیە بەلای زۆربەی هەرە زۆری زانایانەوە، هەتا بەلای کەسە نزیکەکانی شێخ عبدالکریمی شەدەڵەوە وەك شێخ حوسێنی خانەقا کە دەڵێت: {شێخەکانی هەقە سەرەتا وەك بنەماڵە نەقشەبەندیەکانی ترو بە گوێرەی ڕەوشتی باوو ئیرشادو سلوکیان دەکرد، بەڵام لە کاتی خەلیفایەتی شێخ عبدولکەریمدا وردە وردە لەناو هەندێك لە مەلاو سۆفیەکاندا (شەتەحات) وتن دەستی پێ کرد و هەندێك لەمانە کەوتنە باس کردنی ئەوە کەکاتی سەرهەڵدانی محمدی مەهدی هاتووەو لەمەشەوە وردە وردە دوور کەوتنەوە لەنوێژ

کردن و ڕۆژوو گرتن و دەست هەڵگرتن لە ئیش و کاری دونیای} . (عەسکەری: مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، لا34).

بەپێی ئەو بەڵگانەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت کەوا شێخ عبدالکریمی شەدەڵە یەکەم دامەزرێنەری بزوتنەوەو ڕێبازی هەقەیە.

بەلاَم کامەران بابان زادە دەڵێت هەندێك پێیان وایە کەوا هەقەکان بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی مامە ڕەزای برای شێخ عبدولکەریم دروست بووە وەدەڵێت ئەم بۆچونە بەشێك لەڕاستی تێدایە، چونکە دوای مردنی شێخ عبدولکەریم و دابەش بونی موریدو مەنسوبەکانی بەسەر چەند ئاراستەیەك، ئەوە مامە ڕەزا بوو زۆرترینی لەژێر ڕابەرایەتی تازەدا کۆنترۆڵکرد، ئەوە مامە ڕەزا بوو کۆمەڵێك ڕێنمای و ئاراستەی تازەی لەناو سۆفیەکانی خانەقای شەدەڵە داهێنا کە پێشتر نەبووە، وەك جەدەلی لادان لە ئاین و نوێژ نەکردن و زەکات نەدان.... هتد لەسەردەمی ئەودا بەدیار کەوت، کەدواتر بووە خەسڵەتی ناسینەوەی هەقەکان. (بابان زادە: کامران، بزوتنەوەی هەقە لەدوای سێ چارەکە سەدە بەرەو کاڵبونەوە، لا2،

3- بەشەکانی هەقە:

تا ئەو کاتەی کەوا شێخ عبدالکریمی شەدەڵە لە ژیاندا بوو بزوتنەوەی هەقە تێکڕا لە ژێر فەرمان و ڕۆشنایی وتەکانی ئەودا کاریان دەکرد، وە هەموو لایەنگرانی ئەم ڕێبازە خۆیان بە شوێن کەوتووی شێخ عبدالکریم دەزانی، بەلاَم لەپاش کۆچی دوایی شێخ عبدالکریم ئەم ڕێبازە دابەش بووە بۆ چوار باڵ کە بە تێپەڕبوونی کات دوو باڵیان پوکایەوەو دوو باڵی کەیان مایەوە، بەلاَم لە کاتی ئێستاماندا بە شێوەیەکی بەرچاو تەنها یەك باڵیان ماوە.

باڵەکانی بزوتنەوەی هەقە بریتی یە لەمانەی خوارەوە:-

أ- مامە ڕەزایەکان: ئەمانە سەر بە مامە ڕەزای برای شێخ عبدالکریم بوون کە لە ساڵی 1905ز لە گوندی شەدەڵە لەدایك بووەو لە ڕۆژی 1961/2/25ز لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو لە شەدەڵەش بەخاك سپێردراوە. (حەمە تۆفیق: ڕێبوار: کۆمەڵەی هەقە لە شێخ عبدالکریمی شەدەڵە تا حەمە سوری کلاَو قوت، لا83-96).

(هەندێ لە نەریتەکانی پەیڕەوکارانی مامەڕەزا)

1-مامە ڕەزاییەکان بە یەکتریان دەوت خوشك و برا.

2- مامە ڕەزاییەکان ڕیشیان دەتاشی.

3- ژن و پیاوی مامە ڕەزاییەکان لە خانەقاکانی کەلکە سماق بە جیا کۆ دەبوونەوە.

4-مامە ڕەزاییەکان لەکاتی سلاَو کردندا دەیان وت (یا کەریم و یا ڕەزا) وە لە کاتی تەوقە کردندا دەستی یەکتریان نەدەگوشی و تەنها سەری پەنجەکانیان بەیەك دەگەیاند.

5-موریدە پیاوەکانی مامەڕەزاییەکان پەرچەمی پێشەوەی قژیان دەهێشتەوە (نورەدین، مەلا سمایل، سێ باڵەکەی بزوتنەوەی هەقە، ص29).

6- پێش مامەڕەزا شەرواڵ و مراخانی لەبەر نەدەکرا مامە ڕەزا لەنێو تەریقەکەدا دای هێنا.

7-برا سەیارەکانی داهێنا بۆ بلاَوکردنەوەی ڕێبازەکە.

8-سەپاندنی ئابوونەی مانگانە.

9-دەست ماچ کردنی قەدەغە کردبوو.

(حەمە تۆفیق: هاوڕێ: کۆمەڵی هەقە لە شێخ عبدالکریمی شەدەڵەوە تا حەمە سوری کلاَو قوت، لا86-87).

ب-حەمە سوریەکان: کە شوێن کەوتووی (حەمە سوری کلاَو قوتن) کە بە پێی وتەی نەوەکانی ساڵی (1877ز) لە گوندی شەشۆی ماوەت لە دایك بووە لە ساڵی 1986/12/4 کۆچی دوایی دەکات و لە کلاَوقوت بەخاك سپێردراوە.

(محمود: هاوڕێ، بزوتنەوەی هەقە و ڕەنگ دانەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، لا80)، (نورەدین، مەلا سمایل، سێ باڵەکەی بزوتنەوەی هەقە،

لا42).

**تایبەت مەندێکانی باڵی حەمە سوور:-**

**1-زۆربەی حەمە سوریەکان لەیەك ماڵدا لەگەڵ یەکتردا ژیاون و کار کردن و نان خواردن و ژیانیان پێکەوە بووە پارەش لەناویاندا هاوبەش بووە.**

**2- حەمە سوریەکان چاو جگەرەو منداڵ بونیان لە خۆیان قەدەغە کردووە.**

**3-حەمە سوریەکان دەستی یەکتریان ماچ دەکرد.**

**4-بە یەکتریان دەوت خوشك و برا.**

**5-پیاوەکانی باڵی حەمە سوور ڕیشیان دەهێشتەوەو سەریان دەتاشی.**

**6-زۆرینەیان خەریکی تەسبیح دروست کردن بوون.**

**7- وازیان لە کردنی فەرزەکان هێنابوو.**

**(نورەدین: مەلا سەلام، سێ باڵەکەی بزوتنەوەی هەقە، لا42، محمود، هاوڕێ بزوتنەوەی هەقەو ڕەنگدانەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ل82).**

**ج- باڵی شێخ عبدولای شێخ مستەفای عەسکەر برا گەورەی شێخ عبدالکریمی شەدەڵە.**

**ئەم ڕێڕەوە پێچەوانەی ڕێڕەوەکەی حەمە سوور ڕێڕەوێکی مەشرەب دەرەبەگی بوون، داوای دانیشتن و خۆ گونجاندنیان دەکرد. داوایان دەکرد کە ئەم شێوازو ئاڕاستە نوێیەی بزاڤی هەقە ڕابگیرێ و بچێتەوە سەر سەرچاوە ئەسڵیەکەی خۆی کە نەقشەبەندییە، کوڕە شێخەکان وردە بۆرجوازیەکانی ناوچەکە پشتگیریان دەکرد، هەر ئەم ڕێڕەوە زیاتر داوای خۆ گونجاندنیان دەکرد لەگەڵ میری، نەیان دەویست بەهۆی هەقەوە پەیوەندیان لەگەڵ میری تێك بچێت، بە مانایەك لە ماناکان زۆربەی ئەم ڕێڕەوە زیاتر خولیای دەسەلأت و دەرکەوتنی هەبووە. (عەسکەری: مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، لا49. محمود، هاوڕێ، بزوتنەوەی هەقەو ڕەنگدانەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، لا79-80).**

**د- باڵی حەمە ئاغاییەکان کە دەگەڕێنەوە سەر حەمە ئاغای پشدەر، کە لە هۆزی میراودەلییە و کوڕی بابەکری هەباسی حەمەئاغای میراودەل بووەو بە حەمەئاغای هەنارۆك ناسراوە، مێژووی لەدایك بوونی بە تەواوی نازانرێت، بەلأم لە ساڵی (1952ز) کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی (گردی شێخ وەسووی پێماڵك) بەخاك سپێردراوە، لەدوای خۆی کوڕێکی لەپاش بەجێماوە بە ناوی (بابەکر) کە ئێستا لە هەنارۆك نیشتەجێیە و لە دایك بووی ساڵی (1951ز)یە. (نورەدین: مەلا سمایل، سێ باڵەکەی بزوتنەوەی هەقە، لا73. عەسکەر: مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، لا49).**

**نەریتە باوەکانی باڵی حەمەئاغا:**

**1-شوێن کەوتوانی حەمەئاغا بە حەمەئاغایان وتووە مەهدی.**

**2-وتوویانە نوێژو ڕۆژوومان لەسەر نییە، وتوویانە کەسێك نوێژوو ڕۆژوو دەکات کە قەناعەتی تەواو نییە ئەگەر کەسێك قەناعەتی تەواو بوو پێویست ناکات نوێژوو ڕۆژوو ئەنجام بدات.**

**3-بە یەکتریان وتووە صۆفی پیاو بوایە یان ژن.**

**4-پیاوەکان لە جیاتی تەوقە کردن دەستی یەکتریان ماچ دەکرد.**

**5-پیاوەکان ڕیشیان نەدەهێشتەوە.**

**6- (مرۆت قادر کانی توی کەبە (جەرگە) ناسرا بووە ماوەی (20) بیست ساڵ لە ماڵ نەچۆتە دەرەوە تاوەکو کۆچی دوایی کردووە). (گۆڤاری شمشارە، ژمارەی (50)، لا45).**

**جگە لەو چوار باڵە کۆمەڵێکی کەی هەقەکان مابوونەوە شوێن هیچ کام لەم باڵانە نەکەوتبوون بەڵکو هەر لەسەر پەیڕەو پرۆگرامی**

شێخ عبدالكريم بوون و ساڵانە سەردانی گۆڕەكەی شێخ عبدولكەریمیان دەكرد .

4- ئایا هەقە بزوتنەوەیە یاخود قوتابخانەیەكی پەروەردەی و كۆمەڵایەتییە:-

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم كە هەندێ لە نوسەران سەبارەت بە هەقە وتوویانە بزوتنەوە، یان وتوویانە بزاڤ، هەندێكی كە پێیان وتوون كۆمەڵەی هەیە، هەندێ كە بە عەرەبی وتوویانە (نحلە) نیحلە یعنی ئاینی هەقە، هەندێكی كە ناویان بردون بە تەریقەت بەپێی ئەو خوێندنەوەی كە بۆ ئەم بابەتەم كردووە هەڵدەستم بە شیكردنەوەو هەڵسەنگاندنی یەك بەیەكی ئەم خالآنە

یەكەم: ئایا هەقە دروستە پێی بوترێت (نحلە)؟

ئیمامی شەهرستانی و ئیبن حەزمی زاهری هەر یەكەیان كتێبێكیان هەیە بە ناوی (المِلل والنحل) جا ئیمامی قورتوبی تەعریفی میلەلی كردووە بەوەی كەوا بریتی یە لەو بیروباوەڕەی كە خوای گەورە ناردوویەتی بۆ بەشەریەت لە ڕێگەی فروستادەكانیەوە بۆ ئەوەی بگەن بە خۆشبەختی دونیاو دوارۆژیان. (أبو عبدالله محمد بن أحمد بن أبی بكر القرگبی، الجامع لآحكام القرئن، ج9،ص17)، بۆیە شەهرەستانیش لە كتێبەكەی دا كە باسی (ملل) دەكات خاوەنی كتێبە ئاسمانیەكان باسی دەكات وەك جولەكەو مەسیحی، بەلآم كە باسی (نحل) دەكات باسی ئەوانە دەكات كە دینێكی ئاسمانیان نییە وەك (فەلاسیفەو دەهریەكان و ئەستێرە پەرستەكان، بەراهیمیەكان و هیندو جگە لەمانەش تا كۆتایی)( أبو الفتح محمد بن عبدالكريم الشهرستانی، الملل والنحل، ج1، ص4).

بۆیە (نیحەل) بەلای شەهرستانیەوە بریتی یە لە هەموو ئەو بیرو ڕێچكانەی كەوا خاوەن عەقیدەو بیرو باوەڕێكی دروست نین وەك ڕابورد.

كەوابوو ئەم نوسەرانەش هەقە دەخەنە ئەو نێوەندەوە بە بۆچوونی من ئەم بۆچوونەیان زۆر هەڵەیە چونكە هەقەكان دینێكی نوێیان نەهێناوە تا بە خاوەن ڕەوتێكی سەربەخۆ نێو ببرێن، هەرچەند زۆرێك لە نوسەران دەڵێن هێندە لە ئیسلام دوور كەوتوونەتەوە یاخود هێندە لە تەریقەتی نەقشەبەندی دوور كەوتوونەتەوە تا وا دەزانیت كە ڕەوتێكی سەربەخۆن، بەلآم لە كۆتاییدا ئەوان هەر خۆیان بە موسڵمان دەزانن و نەیان وتووە ئێمە لە دەرەوەی دروشمەكانی ئەم ئاینەوەین، بۆیە ئێمەش هەر بە موسڵمانیان دادەنێین، لەگەڵ ئاماژە كردن بە هەڵەو چەوتێكانیاندا.

لەونوسەرانەش كە بە (نحلە) باسی كردووەن:

1-د.جمال محمد باجەلانی (باجەلان: جمال محمد، الحقە، لا399، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژمارە (6)، ساڵی (2006ز).

2- د. چۆم حەیدەری: جەواد فقی علی، محمد بن عبدالله الجلی (مەلای گەورە) وجهودە العلمیە)، لا59.

دووەم: ئایە ڕاستە ناو ببرێن بە ڕێبازی هەقە؟:

ڕێبوار حەمە تۆفیق دەڵێت: (ڕێباز) بە مانای تەریقەت دێت ئەمەش هەڵەیە، چونكە هەقە بزوتنەوەیە نەك ڕێباز و تەریقەت. (حمە تۆفیق: ڕێبوار: ڕونكردنەوەیەك لەسەر كتێبەكەی كاك مستەفا عەسكەری، دەست نوس، لا21).

سێ یەم: بەكارهێنانی وشەی كۆمەڵە، یاخود بزاڤ و بزوتنەوە تا چەند شیاوە بۆیان.

بەبۆچوونی من ئەم دەستەواژانە زۆر شیاوە وەك پێش ناو بۆیان بەكار بێنین خۆشیان هەر ئەم پێشناوانەیان هەڵبژاردووە، چونكە ئەمانە بەبۆچوونە تازەكانیان لە نێو تەریقەتی نەقشبەندی دەرچوون، بۆیە ناكرێت پێیان بڵێین ڕێباز یان تەریقەت، دینێكی نوێشیان نەهێنا تا بڵێین (نحلە) یاخود خاوەن بیرو باوەڕێكی سەربەخۆ، بەڵكو كۆمەڵێك بوون لە ژێر هەندێك ڕێنمایی و بیروباوەڕی تایبەتدا ڕێك خرابوون بۆیە باشترین شت ئەوەیە كەوا پێیان بڵێین بزوتنەوە كە عەرەبیەكەی دەبێتە حەرەكە، هەروەها بە كوردی بزاڤیشی پێ دەڵێن،

پیناسەی حەرەكەش بەو شێوەیە كراوە: {كۆمەڵێكی ڕێكخراون كە هەوڵ دەدەن بۆ بەدەست هێنانی چاكەكاری و گۆڕانكاری لە كۆمەڵگادا}. Permalink:https:"m.facebook.com.

**تەوەری دووەم:**

**گرینگترین ئەو خاڵانەی کە بە هۆیەوە بزوتنەوەی هەقە کەوتوونەتە بەر توانجی و پلانی نەیارانی:**

1-دەرچوون لە دین و هەموو بەها جوانەکان.

2-شوێن کەوتنی ڕێبازی باتنیەکان.

3-جێبەجێ نەکردنی ئەحکامە شەرعیەکان لەگەڵ کردنی هەندێ کاری ئابڕوبەرانەدا.

لەم باسەماندا یەك بە یەکی ئەم خاڵانە ڕوون دەکەینەوە لەگەڵ ئاماژە کردنمدا بە ناوی ئەو نوسەرانەی کەوا ئەم بۆچوونانەیان هەیە.

**خالی یەکەم: مەلا محەمەدی جەلی زادە و بزوتنەوەی هەقە.**

بە بۆچوونی (مەلای گەورە) (رەحمەتی خوای لێ بێت) کە لە هەمان سەردەم و کاتی شێخ عبدولکەریمی شەدەڵەدا ژیاوە، شوێنکەوتوانی بزوتنەوەی هەقە، یاخود شێخ عبدولکەریمی شەدەڵە کۆمەڵە کەسانێکی یاخی و لە دین دەرچوون و وە دەڵێت ئەوانە چەندەها کاری ئابڕوبەرانەو قێزەون دەکەن هەتا دەگاتە پلەیەك دەڵێت: ئەو کارانەی ئەمانە دەیکەن گوناحە پێی بڵێیت کاری شەیتانی چونکە شەیتانیش کاری وا ناکات، وەك: لە دواتردا ئاماژەی پێ دەدەین، بۆیە بە کورتی دەتوانین بڵێین نوکی قەڵەمەکەی مەلای گەورە بەرامبەر بە هەقە تەنها ڕووی کردۆتە کارە خراپ و دزێوەکانی ئەم بزوتنەوەیەو بە هیچ جۆرێك وەسف و سەنایان ناکات، لێرە بەدوا ئاماژە بە چەند وتەیەکی مەلای گەورە دەکەین کە بەرامبەر ئەو بزوتنەوەیە کردوویەتی بەشێوەی خاڵبەندی.

1- مەلای گەورە دەڵێت: هەروەها مەولانا خالید کە مایەی ئفتیخاری کوردانە تەریقی نەقشی هێنا ناو کوردان، زەمانی وی زۆر باش بوو، هەتا مەلای وەکی باپیر مەلاعەبدولاَی ئیبن الجلیم وە مەلای وەکی مەلا یەحیای مزوری تەریقیان لێوەرگرت، لەبەرەکەتی غایەت موستەفید بوون، ئەمما زۆر نەچوو تێکیان دا، کەوتە دەستی نائەهلان و جوهەیلان خصوص شەدەڵی، بەجارێ لە شیرازەی دین و شەرەف و ناموس و غیرەتی بەشەری دەرچوون، ناوی کوردیان لەکەدار کرد.

(مەلای گەورە: محمد جەلی، تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی، بەرگی9، لا210).

2- لە شوێنێکی دیکەدا مەلای گەورە دەفەرموێت: (شەیتان عالی هیممەتە گومانم نیە کە بە کردەوەی شەدەڵەییان ڕازی نیە، یەك بەروبومی هەیە کارەکانیان ئەویش ئەوەیە کە ئابڕوی کوردانی پێ چوو، نە جولەکە نە دیان، نە ئیباحی، نە بت پەرست، نە سەگ پەرست، نە فرج (داوێن) پەرست بە کردەوەیان ڕازی نییە، ئەمما تەفسیری بە: کوتان یان دان لە چەرخدان، یان ڕیش تاشین و شتی وا لام زۆر بێ قیمەتە). (مەلای گەورە: محمدی جەلی، بەرگی2، لا202).

3-کێ پشتی ئیسلامی شکاندووە: خودا بە قەهری خۆی دەماری فەساد هەڵکەنێ، عەلاوەی فەسادی جوو و دیان و فەسادی قادیانیان، بەهائیان، شەدەڵییان و ئەمسالیان پشتی ئیسلامیان شکاندووە، بەناوی ویلایەت و ئیرشادو ئیصلاح، بەجارێ ڕوشدو صەلاحی ئیسلامیان بەربا کرد، ڕەبی چارە چی یە؟

قوەت و زەهیرێ بێ .....دینی ئیسلامی نەما...... چارەسازێ نییە بە غەیری هەوڵ و قووەتی تۆ (مەلای گەورە: محەمەد جەلی، تەفسیری مەلای گەورە، بەرگی2، لا307).

4- لەلایە تریش ئەهلی تەریق، موجەددیدی خالیدی عەسکەری شەدەڵەیی، خۆیان شێت ئەکەن، تەریق و دین و دونیا ئەکەنە فشقیات و فەحشیات، ئەمە حالێ ئەولیائولاَیان. (سەرچاوەی پێشوو، بەرگی8، لا303).

5- شوێن کەوتوانی شێخ نەبی ماویلی تەریقیان تێکدا، خاسەتەن شەدەڵی، بالمرە لە دین و لە شەرەفی ئینسانیەت دەرچوون، بوون بە قەرین و موعینی شەیتان، مومکینە شەیتان لە سایەی وان نەختێ حەسابێتەوە. (سەرچاوەی پێشوو، بەرگی9، لا70).

6- غرستاف لۆبۆن ئەڵێت: (عەقڵ لە بەرامبەر مەیلی شەدید هیچ نییە، لافاوی مەیل ئەیبا، وەلای عولەمای عولیای نەفس دین نەوعە مەیلێ وایە، ئەگەر مەیل عەجەلا سەوقی ئینسان نەکات، چۆن سوجدە بۆ گۆلك ئەبا، ئەگەر مەیلی کەران نەبێت شەدەڵەیی چۆن وا ئەکەن؟ بێ پەرواو بێ غیرەت و شەرەف و نامووس ئەخولێنەوە).

مەعەل ئەسف لەناو کوردان غیرەت کەم بووە، زۆر کەس دوایان ئەکەون، دین و ئایین و مەحاسین و ئاداب و حوسنی مەعاشەرەو دەرس و کتاب و هیدایەت و نوصح و ئیرشاد بێ ئەسەرە، العیاز بالله چارەیان زۆپەیە. (سەرچاوەی پێشوو، بەرگی9، لا125).

7- بەلام مع الاسف لەو قرونانە ئایەتی ئیلاهی هەر لەسەر دەستی تەبیعیونان دێ، مؤمنی موحید هیچ، صفر الیدە، حەرامە، بیدعەتە، لە زەمانی پێغەمبەری نەبووە، ئەڵێت عیلمی شەیتانیە، گوایە تەریقەتی شەدەڵی ڕەحمانیە، چی بکەم دەسەڵاتم نیە شەویلاکیان لەبەر یەك بێنمە دەر سواری کەریان بکەم لە وڵات بیانکەمە دەر. (سەرچاوەی پێشوو، بەرگی9، لا359).

8- گوایە کەسێ لە سەرەتای جیماع ناوی خوا نەیەنێ بسم الله نەکا، جن دێتە لای ژنی، جن ژنی لەگەڵ ئەگێ، وابزانم دیومە، خۆی لە زەکەری ئینسانەکە دەئالێنێ ئەو قسە پێی ئەڵێیت چی؟! ئەترسم لە جینەوە بێ. موسڵمانان ئینجا لە سەدی یەکی، لەو حاڵە بیسمیلای پێ بکا کەوابێ بۆ ئەجینان لە ماڵی موسڵمانان بە ملوێن کارخانە دانراوە. موجاهید لەم عەصرە با مومکین بوو ببێتە ئیمامی شەدەڵییان. (خۆشناو: هێمن عومەر، بیرەوەری و ڕوانینەکانی مەلای گەورە، لا425).

9-شەدەڵەیی بە چی وا خۆیان گۆڕییە؟

خۆیان لە عەقڵ و دین و عیلم و عیرفان کردییە، مەیلێکی کەرانەیە بە عەقڵ چارە ناکرێت وەك غۆستاف لۆبۆن دەڵێت: (مەسەلەی عمومی هاتە جۆش و خرۆش، عەقڵ خۆی ناگرێت). (مەلای گەورە: محەمەدی جەلی، تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خواوەندی، بەرگی10، لا102).

10-دوژمنی دین و دونیامان لە خۆیان بوونەوە ئەسراری تەبیعەتیان کەشف کرد، قوەتیان ساند ئەوجا لێدە لە موسڵمانان سبحان الله (الان کان کما کان) بەڵکو خراپتر بوین، مەیلی سەفاهەت گەلێ زیاتر بووە، چۆن لە ئیمتیحان دەرئەچین؟ مەگەر شەدەڵەیی و ئەوانەی زگ پڕ لە غاز موقابەلەی باڵۆن و پەڕەشووتی غەربیان کەن. (سەرچاوەی پێشوو، بەرگی10، لا320).

11- وە دەربارەی ئەو ئابڕوچوون و بەرەڵایەی کە لەسەردەمی شێخ عبدولکەریمدا ڕووی داوە (وەك دەڵێین) مەلای گەورەی کۆیە لە کۆپلە شیعرێکیدا دەڵێت:-

هەموو مەمنوونی شێخ عبدولکەریمین
کە سڕی ئەم تەریقەیەی ئاشکرا کرد
هەموو هەرامەو هینــی
پێکدی ئــاشکرا کــرد.

(مەلای گەورە، دیاری مەلا محەمەدی کۆیە، لا:27) .

کۆی قسەکانی مەلا محەمەدی جەلی ناسراو بە (مەلای گەورە) لەو یانزە خاڵەی سەرەوەدا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەوا هەقەکان و شێخ عبدولکەریمی شەدەڵە بە تەواوی تەریقەتی جوانی نەقشەبەندیان گۆڕیوەو بە هیچ جۆرێك هەقە لەسەر ئەو ڕێبازە نیە کەوا مەولانا خالیدی نەقشەبەندی شارەزووری لەسەر بووە، هەروەها لای وایە کە هەقەکان کۆمەڵە کردەوەیەك دەکەن کە نەك موسڵمانان بەڵکو بت پەرست و گا پەرستیش ئەو کارانەی ئەوان ناکات بە بێ ئەوەی ئاماژە بۆ کارەکانیان ببات، پاشان مەلای گەورە بە تەواوی هەقەکان کافر دەکات و دەڵێت: لە سایەی کوفری ئەوانەوە شەیتان هەندێك حەساوەتەوە، هەتا دەڵێت شەیتان لە هەقەکان هیممەتی بەرزترە، ئەو کارانەی کە ئەوان دەیکەن شەیتان نایکات، پاشان دەڵێت: چۆن جوو و دیان و بەهائی و قادیانی زەرەری زۆری لە ئیسلامدا، زەرەری هەقەکان لە کوردستاندا لە هی ئەوان زیاتر بووە، هەتا دەڵێت: هەقەکان بە ناوی شێتایەتیەوە ئیسلامیان کردە گاڵتەجار، پاشان دەڵێت: هەقەکان تا دێت بەرەو دوا دەگەڕێنەوە لەگەڵ ئەوەی زانایانی سروشت چەندەها داهێنانی تازەی گەردوونییان پەی پێ برد. وە دەڵێت: بەلای موسڵمانانەوە ئەم کارانە زیادەو بیدعەیە ئەی باشە پێم ناڵێن ڕێبازی شەدەڵی چی پەیوەندی بە دینەوە هەیە، پاشان دەڵێت: هۆکاری هەموو ئەمانە ئەوەیە کە حەزوو ئارەزووی زۆر وا دەکەن کە مرۆڤ عەقڵی واز لێ بێنێت و شوێنی ئارەزووەکانی بکەوێت وەك غۆستان لۆبۆن دەڵێت. ئینجا دەڵێت ئەگەر ئەوە نەبا چۆن مرۆڤی عاقڵ شوێن ڕێبازی شەدەڵییەکان دەکەوت.

پاشان لە کۆبلە شیعرەکەدا دەڵێت: سوپاسی شێخ عبدولکەریم دەکەین کەوا عەورەتی پیاوو ئافرەتی بەیەك ناساندو ئەم ڕێبازە چەوتەی خۆیانی بۆ ئاشکرا کردین.

لەکۆتاییدا بۆمان دەرکەوت کەبەلای مەلای گەورەوە هەقەکان نە نەقشەبەندین، نە موسڵمانن، نە خاوەن خوو ڕەوشت و ئەخلاقێکی پەسەندن، جا هەر بە ڕێبازی شەدەڵی ناویان ئەبات چونکە لەسەردەمی ئەمدا پێشناوی هەقەیان بەسەردا نەبڕابوو.

خاڵی دووەم:- دکتۆر ڕەفیق مەجید عەبدوڵاو بۆچوونی دەربارەی بزوتنەوەی هەقەو حمە سوری کلاو قوت:-

بە پێی ئەو خوێندنەوەی کەوا بۆ توێژینەوەی بەرێزیان کردم کە لە گۆڤاری زانکۆی دهۆك ژمارەی یەکی ساڵی 1999ز بلاوی کردۆتەوە بۆم دەرکەوت کەوا نوسەر دەربارەی بزوتنەوەی هەقەو حمەسوریەکان ئەم بۆچوونانەی هەیە:-

1-بەبۆچوونی بەڕێز د.ڕەفیق مجید عبدالله بزاڤی حەقەو بۆچوونە شازەکانیان پەیوەندیەکی بۆماوەییان هەیە لەگەڵ گروپی بەهائیەکان کە ئەوانیش لقێکن لە بزوتنەوە باتنیەکان.

د. ڕەفیق دەڵێت: پاش مردنی مەولانا خالید لە ساڵی 1827ز، بە دیاری کراوی لە ساڵی 1854ز بەهائولاّ کوڕی میرزا حوسێن ڕایکردۆتە ناوچەی شەدەڵەو، لەوێ بۆ ماوەی دوو ساڵ (1854-1856) خەریکی عیبادەت و پاڵفتەکردنی دڵ و دەروون بووە، وە دەڵێت لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا زۆر جار هاتووە بۆ شەدەڵەو سەردانی کەسایەتیەکانی ئەو ناوچەیەی کردووە.

پاشان دەڵێت: هیچ دوور نیە کەوا پەیوەندیەك هەبێت لە نێوان بەهائیەکان و ئەوەی کە لە پاش ئەو دروست بوو بەناوی بزوتنەوەی هەقە لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچە خەڵکێکی دڵ پاك و نەخوێندەوار بوون بەزۆری، هەروەها ئەو بابەتانەی کە بەهائولاّ بانگەوازی بۆ دەکرد بەناوی دینەوە بوو کە گومانی تێدا نیە هەر کارێك بە ناوی دینەوە بێت زیاتر وەردەگیرێت لەلایەن کۆمەلآنی خەڵکەوە، هەروەها دکتۆر ڕەفیق ئەم بۆچوونەشی لە سەرەتای توێژینەوەکەی بەوە بەهێز دەکات کە چەندەها لێکچوون هەیە لە نێوان باتنیەکان و بزوتنەوەی هەقەدا.

لەوانە:-

1-باتنیەکان دەڵێن: مرۆڤەکان سەربەستن لە بیروبۆچوون و عەقیدەو بیروباوەڕدا، وە دەڵێن: نابێت مرۆڤ دەمارگیری دینی هەبێت. کە تا ڕێژەیەکی زۆر هەقەکانیش ئەم بیرو بۆچوونەیان هەیە.

2-باتنیەکان کارەکانیان بە سرِی و شاراوەیی بووەو هەوڵیان ئەدا جگە لە کۆمەڵەکەی خۆیان کەسی کە پێیان نەزانێت بە هەمان شێوەش کۆمەڵەی هەقە کۆبوونەوەکانیان پەنهانی بوو. (اسسد: فريد، أصول العقائد البرزانيه، لا58).

3- تەئویل کردن و لێکدانەوەی دەقەکان بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێت واتە: بەو شێوەیەی کە شێخەکانیان پێیان خۆشە کە ئەمەش لەنێوان هەردوو لایاندا هەیە.

4-وتنی چەند وتەیەکی شاراوەو نادیار بەئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بێنە ناو ڕێبازەکە کە ئەمەش بە ڕوونی دیارە لە شیعرەکەی حمەسوور کە ناوی ناوە کۆکەرەوەی بیروباوەڕی هەقە حەمەسوریەکان.

(عبدالله: ڕەفیق مجيد، حركه الحقه والحمه سوريیه بين الاسلام والباگنيه، ص161-162).

هەرچەندە د.ڕەفیق شوانی هەستاوە بە جواب دانەوەی ئەم نوسینەی دکتۆر ڕەفیق مەجید بە ناوی (دیسان لە هەقە کەوتنە تەقە، بەلاّم لەوەلآمی پەیوەندی نێوان هەقەو باتنیەکاندا تەنها دەڵێت بە هیچ جۆرێك ئەمانە واتە (هەقەکان) وەك بەهائیەکان دژی دین نەبوون و هەوڵی لەناوبردنی دینی ئیسلامیان نەداوەو داوای پێغەمبەرایەتی و کتێبی پیرۆزیان نەکردووەو پابەند بوون بە ئاینی ئیسلامەوە تەنها ئەوەندە هەیە دینیان تێکەڵی لایەنی کۆمەلآیەتی کردووە، بەلآم دوورو نزیك بەڕێزیان نەهاتوون بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئەو هەواڵە ڕەد بکەنەوە کەوا بەهائولاّ نەهاتووە بۆ دەوروبەری شەدەڵەو سەرگەڵو یاخود هیچ پەیوەندیەك لەنێوان شێخەکانی پێش شێخ عبدولکەریم و بەهائولاّ ڕووی نەداوە، یاخود هیچ لێك چونێك نیە لە نێوان بەهائیەکان و کۆمەڵەی هەقەدا).

( شوانی: د.ڕەفیق، دیسان لە هەقە کەوتنە تەقە، گۆڤاری: کاروان، ژمارە(142) شوباتی 2000، لا142-144).

دیسانەوە هەر لەسەر هەمان بۆچوون ڕۆژنامەی ئاوێنە لەژمارەی (277) لە 2013/5/14 بەناوی پیاوێك کە ناسراوە بە (بەکری

حەمە سۆران)ـە ئەوە پشت ڕاست دەكاتەوە كەوا بەهائولاَ لە سەرگەڵوو ژیاوەو ئێستا كەسێكی عەرەب ئەو ئەشكەوتەی كڕیوەو تەلبەنی كردووەو بەهائیەكان ساڵانە سەردانی دەكەن.

وە دەڵێت: لە هەندێك ڕووەوە بزوتنەوەی هەقەو بەهائیەكان لێك دەچن، وەك: باوەڕ بونیان بە یەكسانی نێوان پیاوو ژن و چەسپاندنی ئاشتی نێوان گەلانی دونیاو دوور كەوتنەوە لە دەمارگیری و نەتەوە پەرستی.

بەلاَم كاك مستەفا عەسكەری لە نوسینێكی دواتردا بە ناوی (تیشكێك بۆ سەر نوسینەكەی ئاوێنە دەڵێت): {ئەگەر چی چەند شتێكی هاوبەش هەبێت لە نێوان ئاینی بەهائیەكان و بزوتنەوەی هەقەدا وەك بڕوا بە ئاشتی و ئاشتی پەروەری یان یەكسانی نێوان ژن و پیاو ئەمانە ئەوە ناگەیەنێ كە ئاینی بەهائیەكان كاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی بزوتنەوەی هەقە هەبووە، چونكە ئەم جۆرە بەیەك چوونە لە هەموو ئایین و ئاینزاو ڕێبازە ئایینی و بزوتنەوە چاكسازیەكاندا بەرچاو ئەكەوێت}.
(ئاوێنە، ژمارە: 277، ڕێكەوتی 2013/5/14).

بەلاَم دیسانەوە دەبینین: ئەمیر فەرهەنگ ئیمامی لە كتێبەكەیدا دەڵێت: (شێخ ئەحمەدی سەردار چووەتە لای بەهائولاَ دواتر بەهائولاَ بیرەوەری ڕۆژانەی شێخ ئەحمەدی سەرداری نوسیوەتەوەو كراوە بە كتێب و دوای وەفاتی شێخ ئەحمەدی سەردار بۆ پاراستنی كتێبەكە ناردوویانەتە خانەقای كەركوك و دوایی سەید ئەحمەدی خانەقا كتێبەكەی داوەتە ئینگلیزیەكان و ئەوانیش ناردوویانەتە بەریتانیا و پاشتر براوەتە ئەمریكاو كەس نازانێ ئێستا كتێبەكە لەلای كێ یە لە ئەمەریكا). (ئیمانی: ئەمیر فەرهەنگ، بەهائولاَ لە كوردستان، وەرگێڕانی: دڵشاد كەریم، چاپخانەی: ڕوون- سلێمانی، ساڵی 2010ز، لا118).

ئەوەی بۆمان دەردەكەوێت ئەوەیە كەوا جگە لە مامۆستا ڕەفیق مەجید چەندەها كەسی دیكەش هەبوون كە ئەم بزوتنەوەیان داوەتە پاڵ كۆمەڵە باتنیەكان، جا ئایا ئەم بۆچوونە تا چەند ڕاستە یان نا ئەوە جێگەی مشت و مڕی زۆر زیاترە لەم توێژینەوە كورتە، بەلاَم من تەنها ئەوەندە دەڵێم كە زۆر بابەتی هاوبەش هەیە لە نێوان بەهائیەكان و بزوتنەوەی هەقەدا، بەلاَم لام وایە كە شێخەكانی شەدەڵە ڕاستەوخۆ ئەم بۆچوونانەیان وەرنەگرتووە لە بەهائیەكانەوە بەڵكو بۆی هەیە مەنسوب و موریدەكانیان سەردانی بەهائولاَیان كردبێت و پێی سەرسام بوبێتن و پاشان بە تێپەربوونی كات ئەم بابەتەیان لەناو دەروێشەكانی دیكەدا بلاَو كردبێتەوەو شێخەكانیش لەبەر جوانی و دروستی هەندێك لە خاڵەكانی چاوپۆشیان لێ كردبن.

خاڵی سێیەم: د. جمال محمد باجەلانی و بزوتنەوەی هەقە:-

كاتێك سەرنجی توێژینەوەكەی بەڕێز دكتۆر جمال محمد باجەلانی دەدەیت و قووڵ دەبیتەوە لە خوێندنەوەی بیرو بۆچوونەكانی ئەوەت بۆ دەردەكەوێت كەوا توێژینەوەی جەنابیان بە یەكێك لە توێژینەوە هەرە باشەكان دادەنرێت، سەبارەت بە كۆمەڵەی هەقە كە بەڕێزیان هەوڵیان داوە ئاماژە بە لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەكانی ئەم بزوتنەوەیە بدەن و لایەكیان فەرامۆش نەكەن لەبەر خاتری لایەنەكەی دیكە، هەوڵ دەدەم بە گوێرەی توانام لەم خالاَنەی خوارەوەدا ئاماژە بە هەندێك لەو ڕەخنانە بدەم كە جەنابیان لەسەر زمانی هەندێك لەو كەسانەی كە چاوی پێیان كەوتووە یاخود نوسراوەكانیانی خوێندۆتەوە دەیگێڕێتەوە، بەلاَم لەم بەشەدا ئاماژە تەنها بەخاڵە نەرێنیەكان دەدەم نەك خاڵە ئەرێنی و ئیجابیەكان چونكە باس كردنی ئەو بەشەیان دەكەوێتە باسی سێیەم و كۆتاییەوە.

خاڵە نەرێنیەكانی بزوتنەوەی هەقە لە ڕوانگەی د.جمال باجەلانیەوە بریتی یە لەم خالاَنەی خوارەوە:-

1-نەكردنی هەندێ لە دروشمەكانی دینی ئیسلام وەك نوێژو ڕۆژو، وە تەئویل كردنی ئەو ئایەتانەی كەلەوبارەیەوە هاتوون بە شێوەیەك كەوا بگونجێت لەگەڵ ڕاوبۆچوونی خۆیاندا، وەك: ئایەتی ﴿وَاعبُد رَبَّكَ حَتّى يَأتِيَكَ اليَقِين﴾(الحجر، ئایەتی:99) بەوەی خوا داوامان لێ دەكات كەوا بیپەرستین تا دەگەینە یەقین و دڵنیایی ئێستاش ئەمان گەیشتوونەتە ئەو پلەیە بۆیە پێویستیان بەو دروشمە ئایینیانە نیە. لەم خاڵەشدا نوسەر پشتی بەستووە بەوەی كە د. عزەدین مستەفا دەگێڕێتەوە لەسەر زمانی باوكیەوە لەكاتێكدا كە مامەڕەزا گلەیی لێ كردووە كەبۆچی دژیانە ئەویش وەلاَمی داوەتەوە كەهۆكاری دژایەتیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ واز هێنانیان لەكردنی نوێژ؟ وەلاَمی مامە ڕەزاش بەو شێوەیە بووە كە باسمان كرد.

(ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، باشبەندی دووەم، رەسول: د.عزالدین مستەفا، لا113)؛ (باجەلانی: د.جمال محمد، الحقە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (6) ساڵی: 2006ز، لا389).

شێخ حوسێنی خانەقاش دەڵێت: ئەم حاڵەتی جەزبەو ئەو قسە هەلەق و مەلەقانەی سۆفی لەحاڵەتی جەزبەدا دەیکات کەپێیان دەڵێن: (شەتەحات) جۆرە سەربەستییەکی بیرکردنەوەو قسەکردنی لەناو تێکڕای حەقەکان کردبوو بەباو کەئەمەش دەبوو بەهۆی پەیدا بونی گەلێ مشتومڕی فەلسەفی لەبارەی خوایەتی و یەکێتی گەردون و ئەم جۆرە بابەتانەوە، یەکێ لەمانە مەلا سەلامی کوڕی مەلا مستەفای ترێ خۆر بوو، ئەم زاتە حاڵەتی جەزبەکەی بەعلومی دینییەوە گرتبووی وەگەیاندبوویە باوەڕ بە فەلسەفەی جەبرییە کەسەلبی جوزئی اختیار لەئادەمیزاد دەکات، تەنانەت وای لێهاتبوو نوێژیشی نەدەکردو، هەمیشە لەگەڵ خۆیدا خەریکی محاکەمەتی فەلسەفی بوو. دیارە ئەم جۆرە حاڵەتە ڕێی بۆ زۆر کەسی نەخوێندەواریش بەرەڵا کردبوو هەریەکە بەجۆرێ خۆیان لەقەرەی ئەم مەسەلەیە بدەن، بەتایبەتی سێ کەسیان کەپاشان پەیوەندییان بە مەلا سەلامەوە نەما ئەوانیش: 1- ئەحمەد شەربە. 2- ڕەزا هەڵەدنی. 3- حەمە سور. ئەم سیانە هەمیشە لەناو خۆیاندا لەباسی بون و نەبونی خواو شتی وادا بوون هەرچەندە پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکدا نەبوو، مەبەستیشیان نەبوو خەڵك گوێ لەقسەکانیان دەگرێت یان نا، ئەمانە گەیشتبونە پلەیەك دەست لەدونیا بشۆن و دەست داشۆرینەکەشیان وای لێهاتبووو پەیوەندییان لەگەڵ هەموو جۆرە پابەند بونێك بڕا بوو، هەر بۆیەش نوێژیان نەدەکردوو، نوێژ کردنیان بەجۆرە سەردانەواندنێك بۆ ئیلتیزاماتی دونیا دادەنا. ئەمانیش هەرچاوەڕوانی هاتنی محمدی مەهدی بوون کەبێ و دونیای پڕ جەورو ستەم چاك بکات. ( عەسکەری: مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لەبزوتنەوەی هەقە، لا 87-88، پەراوێزی ژمارە (2).

هەروەها حەمە ئاغای پشدەریش نوێژی نەکردووە (نورەدینی: مەلا سمایل، سێ باڵەکەی بزوتنەوەی هەقە، لا 74-75).

6- بە هەمان شێوەی د. ڕەفیق مەجید ئەمیش دەڵێت لێکچونێکیی ئێجگار زۆر هەیە لە نێوان باتنیەکان بەگشتی و بەهائیەکان بەتایبەتی و بزوتنەوەی هەقەدا، کە دەقی وتەکەی جەنابیان لەم بارەیەوە بریتی یە لەمەی خوارەوە.

{دەڵێت: لەکاتێکدا دێین بەراوردێك دەکەین لە نێوان دروشمەکانی بزوتنەوەی هەقەو دروشمی بەهائیەکان دەبینین هێندە لەیەکەوە نزیکن کە دەتوانین بڵێین وەك یەك وان}.

(باجەلانی: د. جمال محمد، الحقە، لا41).

پاشان لە کوێخا عەزیز ڕەشید کە موختاری ناوچەی تەق تەق بووە هەروەها عەبد جاسم ناوێك لەگەڵ د. محمد بالیسانی ئەویش لە شێخ عمر بالیسانیەوە دەگێڕێتەوە کەوا دەماو دەم بیستوویانە یەکێك لە بەهائیەکان لە ئەشکەوتێکی ناوچەی سورداش و نزیك لە شەدەڵە ژیاوەو ناوی (إیشان) بووە، ئەو کەسە کاریگەری لەسەر شێخ عبدالکریم دروست کردووەو ئەم بۆچوونانەی خستۆتە مێشکیەوە.(باجەلانی: د. جمال محمد، الحقە، لا392-393).

دەتوانم بڵێم محمدی مەلا کەریمیش تا ئەندازەیەك بیروبۆچوونێکی وای لا هەبووە هەر وەك لە پەراوێزی ژمارە (7)ی لاپەڕە 39 کتێبی ئاوڕدانەوەیەك لەبزوتنەوەی هەقەدا دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی کە وترا من وای بۆ دەچم ناونانی کۆمەڵەکە بە هەقە لە شێخ عبدالکریم خۆیەوە بوبێ، ناونانەکەش سەرەڕای ئەو کارە سایکۆلۆجیەی دەیکاتە دڵ و دەروونی پەیڕەوەکان لە ڕوی خۆ بەڕاست و هەق زانینەوەو ناحەزان بە ناڕاست و پوچ، پەیوەندیەکیشی بە پاشماوەی کۆمەڵی (ئەهلی هەق)ـەوە هەبێ کە ئێستا لە گەلێ لای کوردستانی عێراق و ئێراندا هەن).

(عەسکەری: مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لەبزوتنەوەی هەقە، لا39، پەراوێزی ژمارە (7)).

3-لە هەندێ لە خزمان و هاوەڵانی هەقەوە دەگێڕێتەوە کەوا لە ناو هەقەکاندا ئیشتراکی (هاوبەشی) خێزان هەبووە، چەندەها نموونە لەسەر ئەمە ئەهێنێتەوەو دەڵێت: {لەوانەیە هەندێ زیادەڕەوی لەم بارەیەوە کرابێت، بەڵام گومانی تێدا نیە شتێك لە بەدڕەوشتی لەناو ئەم کۆمەڵەیەدا هەبووە خۆم بیستم لە پیاوێکی بە غیرەت کە خەڵکی (ئۆمەر گومبەت) بوو ناوی حاجی حمد أمین فاتکان بوو ئەیوت: دوو کەس بەناوەکانی مەولود عەلی و ئۆمەر ئامینە کە شوێن کەوتەی مامەڕەزا بوون و خەڵکی گوندی ئۆمەر گومبەت بوون لەکاتێکدا

لەسەردانی شێخەکەیان مامەڕەزا گەڕانەوە ئافرەتێکیان لەگەڵ خۆیان هێنا بەبیانوی ئەوەی کەوا خوشکیانە لەو ڕووەوە کە سەر بە هەقەن هەموویان، بەلاّم بوو بە کێشەیان کە کامیان لە پێشترن بەوەی کەوا دەستی بەسەردا بگرن و لەگەڵی دابن وەك خێزان یاخود وەك دۆست، لە کۆتاییدا (مەولود عەلی) سەرکەوت بەسەر ئۆمەر ئامینەداو ئافرەتەکە تەنها بوو بە هی ئەو پاشان لەگەڵیدا لەسەر یەك جێگە دەخەوتن}.

(باجەلانی: د.جمال محمد، الحقه، لا398، پەراوێزی ژمارە :36)، جگە لەمە لەهەمان هامشدا چەندەها نمونە ئەهێنێتەوە کەلە کەسانی نزیك لە بزوتنەوەی هەقەی بیستووە.

لەم بارەشەوە محمدی مەلا کەریم لە پەراوێزی ژمارە (6) لاپەڕە (68) کتێبەکەی مستەفا عەسکەری لە شێخ ستارەوە دەگێڕێتەوە کەوا دەڵێت: {من ئاگادارم لە ڕێدار لەناوچەی شوان ئافرەتی هەقەم دیوە دەیوت: پیاوو ژن شەو پێکەوە دەخەون کێوێکیان لە بەینایە، پاشان هەر ئەو ئافرەتە وتی: شەرت نیە ئەو کێوە کێوی ڕاستەقینە بێت، بەڵکو بەردێکی بچوکە لە نێوان هەردووکیان دادەنرێت و شەو هەموو پەیوەندیەکی نێرو مێیینەشیان دەبێ، هتد...} . (عەسکەری: مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لەبزوتنەوەی هەقە، لا68، پەراوێز (6).

4- پێی وایە شێخ عبدالکریم و مامەڕەزاش هەرچەند وا نیشانی خەڵکیان داوە کە پەیوەستن بە دروشمە دینییەکانەوە بەلاّم لە ڕاستیدا ئەوانیش باوەڕیان پێی نەبووە، بەڵکو لەبەر ڕاکێشانی سۆزی خەڵکانی سادە ئەو کارانەیان کردووە، ئەگینا مەعقول نیە شێخ چاو لە کارانێکی ئاوەها پێچەوانەی قورئان و سوننەت بنوقێنێ لەکاتێکدا شوێن کەوتووەکانی دەیکەن و ئەویش هیچیان پێ نەڵێت.

ئەم بۆچوونەی بەرێزیان نوێ نییە بەڵکۆ پێش ئەمیش مامۆستا محمدی مەلا کەریم هەمان بۆچوونی هەبووە ئەوەتا بەرێزیان دەڵێن:

{لە پوختەی ئەم بەشەوە دەتوانین بگەینە ئەوە کە چینی یەکەمی پیاوە بەرێوبەرو قسە ڕەواکانی کۆمەڵەی هەقە- جگە لە شێخ عبدالکریم و مامەڕەزا نیمچە (باتنیەت)ێکیان تێدا بووەو بۆ خۆیانیان ڕەوا بینیوە بە پێویستی نەزانن لەسەر پەیڕەوی لێکردنی نەرێتەکانی ئاین سوور بن، بۆیەش شێخ عبدولکەریم و مامەڕەزام لەمە لاخست،چونکە شتی وایان لێ هەست پێ نەکراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لام وایە ئەم هەڵوێستە لەلایەن ئەم دوانەوە تەنیا تەکتیك بووە، ئەگینا ئەقڵ نایگرێ سۆفی وا بە ئاشکرا لە ڕێبازی شێخ بەلەسە ببێ کەچی هێشتا شێخ بە شێخی و سۆفی بە سۆفیەتی بمێنێتەوەو لەیەکتری جوێ نەبنەوە (عەسکەری: مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، ص88، پەراوێزی ژمارە (3)}.

5-پاشان باسی ئەوە دەکات کەوا حەمەسوور بانگەوازی پێغەمبەرایەتی دەکات و دەڵێت بەهەشت و جەهەننەم لای منە و چەندەها وتەی بیستراوی کەسانی ئاگادار لێی نەقل دەکات، پاشان لە کەسێك بە ناوی عەبدولاّی حاجی ئۆمەر گومبەتی دەگێڕێتەوە کەوا دەڵێت بە گوێی خۆم بیستم کە حەمەسوور قسەی لەگەڵ شوێن کەوتووانی دەکرد لە گوندەکەمان کە تێکەڵەیەك بوون لە پیاو لە ژن لە یەکێك لە سەردانەکانی بۆ لادێکەمان هاتبوو فەلسەفەی لێدەدا لەسەر دروستێتی تێکەڵ بوونی نێرو مێ دەیوت: {ئایا مامۆستایان و زانایان ناڵێن خوای گەورە مرۆڤی لە قوڕو خۆڵ دروست کردووە، ئامادەبووانیش دەیانوت: بەڵێ وایە، پاشان پێی دەوتن: چی زەرەرێك لە خوا دەکەوێت ئەگەر بێت و پارچەیەك لە خۆڵ بخەینە کونی دیوارێك}.

کە مەبەستەکەی ڕوونە لەوەی کە دەیەوێت بێ ئەخلاّقی بە ڕەوا دابنێت، بەو ڕێگە نادروستە. (باجەلانی: د.جمال محمد، الحقه، لا407).

6-یەکێ دیکە لەو خالاّنەی کە کۆمەڵەی هەقەی پێ تاوانبار دەکات ئەوەیە کەوا دەڵێت ئەم کۆمەڵەیە لەپشتگیری کەرانی حیزبی شیوعی بوون لەم سالاّنەی دواییدا، هەتا چیرۆکێ دەگێڕێتەوەو دەڵێت لە کاتێکدا کەوا تەمەنم لە (10) تێنەدەپەڕی کە شۆڕشی حیزبی بەعسی ساڵی (1963ز) کرا لە دژی عبدولکەریم قاسم دەوڵەتیش هەستا بە ڕاوەدوونانی شیوعێکان و زیندانیکردنیان، دەڵێت: بینیم زیاد لە (150) کەس لە شیوعێکانی پارێزگای هەولێرو موصڵ کە لە کورد و عەرەب پێك هاتبوون بەناو دێکەماندا (تاڵەبانی گەورە) لەناوچەی تەق تەق تێپەڕ بوون و ڕۆشتن بۆ لای کۆمەڵەی هەقەی سەر بە مامە ڕەزا لە گوندی (کەلکەسماق)، کە دالّدەدانی شیوعێکان لەلایەن مامەڕەزاوە بەڵگەی هاوسۆزی و نزیکیە لێیانەوە. (باجەلانی: د.جمال محمد، الحقه، ص405).

هەر لەو بارەیەوە کەریم ئەحمەد لە کتێبی بیرەوەریەکانیدا دەڵێت: {پاش ئەوەی مامەڕەزا لە ڕێگەی گەورە شاعیری کورد (عەبدولاّ گۆرانەوە) حیزبی شیوعی ناسی بە لایەنگرەکانی گوت: ئێستا واحیزبی حەقمان دۆزیەوە، کە هەموومان دەبێت پشتگیری ئەم حیزبە

بکەین، خۆیشی بووە ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتیخوازی عێراق}. (بیرەوەریەکانی کەریم ئەحمەد، وەرگێرانی: جەلال دەباغ، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، چاپی(1)، ساڵی (2006ز)، لا211.

هەروەها جەلال دەباغ دەڵێت: هاورێ حەمیدی مامەرەزا شیوعییەکی دڵسۆزو چالاك و چاو نەترس بوو، هێمن و لەسەرخۆو دووربین، خاوەنی بیروڕایەکی چەسپاو و جێگیرو بە ئەزموون بوو، هەمیشە لایەنگیری کێشەو داخوازی جوتیاران بوو). (دەباغ: جەلال، مامە رەزایەکان یان (برایانی هەقە) و هەڵوێستی جوامێرانەیان، گۆڤاری: (چیا)، ژمارە (24)، ساڵی (2007ز)، لا7).

ئەمانەی سەرەوە هەمووی پشت ڕاستی قسەکەی د.جمال محمد باجەلانی دەکەن کە مامەڕازیەکان هاوسۆزی و چالاکی زۆریان هەبووە بۆ حیزبی شیوعی.

7- خاڵی حەوتەم و کۆتایی بەرێز دکتۆر جمال باجەلانی رەخنە لە بیرو بۆچوونی حەمەسوور دەگرێت لەسەر ئەوەی کەوا بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر منداڵ نەبونی گروپەکەی بەوەی کەوا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَاعلَمُوا أَنَّمَا أَموَالُكُم وَأَولَادُكُم فِتنَةٌ﴾ الأنفال: ئایەتی: (28). (علی: رەشید محمد، مەسەلەیەکی مەزن و هەوڵێکی کەم، گۆڤاری کاروان، ژمارە(15) ساڵی 1983ز)، لا70).

بەڕاستی ئەمە بانێکەو دوو هەوا وەك کوردەواری دەڵێت باشە ئەگەر حەمەسوور هێندە شوێنکەوتەی قورئانە با ماڵی دونیاشی کۆ نەکردایەتەوە خۆ ئایەتەکە چۆن دەڵێت منداڵ فیتنەیە هەر ئاواش دەڵێت ماڵی دونیا فیتنەیە، بەلام وەك دەبینین حەمەسوور و تاقمەکەی لە هەموو خەڵکی ئەو ناوچە زیاتر هەوڵی کۆکردنەوەی ماڵی دونیایان داوە، کە ئەمەش دەری دەخات کەوا حەمەسوور کەسێك بووە کە لە نێوان بۆچوونەکانیدا دژایەتیەك هەبووە.

هەروەها دەڵێت: باشە بۆ تەنها سەیری ئەو ئایەتە دەکات لە کاتێکدا ئێمە ئایەتی کەمان هەیە کە زیاتر مژدە بەخشە وەك ئایەتی: ﴿المَالُ وَالبَنُونَ زِينَةُ الحَيَاةِ الدُّنيَا﴾ الکهف، ئایەتی: (46). واتە: (ماڵ و منداڵ زینەت و جوانی دونیان). وە دەڵێت: باشە بۆ ئەم رەش بینیە، بۆ دەبێت موسڵمان گەش بین نەبێت؟!

ئەمە کورتەی ئەو رەخنانە بوو کە ئەو سێ زانا بەرێزە دەربارەی هەقە هەیان بوو إن شاو الله لە باسی سێ یەم و کۆتایی دەست دەکەم بە باس کردنی هەموو ئەو خاڵە ئەرێنیانەی کەوا لەم بزوتنەوەیەدا هەیە.

### تەوەری سێیەم:

گرینگترین ئەو خاڵە ئەرێنیانەی کەوا نوسەران لە پیاهەڵدانی بزوتنەوەی هەقەدا باسیان لێوە کردووە:-

یەکەم: یەکسانی و دادپەروەری

دووەم: ڕاوێژو کۆڕ بەستن

سێ یەم: ڕێز گرتن لە ژنان / سەربەستی ئافرەتان

چوارەم: برایەتی

پێنجەم: پاك و خاوێنی

شەشەم: هەق پەرستی.

حەوتەم: ئابونە

هەشتەم: ڕەوشت.

### یەکسانی و دادپەروەری

واتە: پەرە پێدانی گیانی هاوبەشی لە سامان و دارابیدا بە گشتی. بەپێی ئەم پەیڕەوە هیچ کەسێکی هەقە خۆی لە ئاستی کۆمەڵەکەیدا بە خاوەن ماڵ و سامان و زەوی نەزانیوە، هەر ماڵێکی بووبێ وا دانراوە هی هەموو کۆمەڵەکەیە نەك بە تەنها هی ئەو، بە واتایەکی تر

ئەو ماڵە بە ڕاسپاردە دانراوە لە ژێر دەستی خاوەنەکەیدا.

شێوە ژیانی هاوبەشی و هەستی یەکیەتی و بێ تەماعی ناو هەقەکان وای دەردەخست کە باوەڕیان بە جۆرە سۆشیالیزمێك بووبێ، چونکە کەسیان بێ پرسی ئەوانی تریان، یان بێ بەشداری کردنی کۆمەڵ دەستکاری ماڵ و سامانی خۆی نەدەکرد، زۆر جار ڕێك کەوتووە جۆرە خواردنێك یان میوەیەك هەڵگیراوە تا بە کۆمەڵ بخورێ.(عەسکەری: مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، لا66).

بەڕاستی ئەگەر سەیری ئەم هاوکارییە جەماوەرییەی هەقەکان بکەین لە ڕوانگەی دینی پیرۆزی ئیسلامەوە دەبینین کارەکەیان لە کرۆکی دینی ئیسلامەوە وەرگیراوە، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لە وەسف کردنی ئەشعەرێکاندا دەفەرموێت: ((إن الأشعريين إذا أرملوا في الغزو، أو قل طعام عيالهم بالمدينه جمعوا ماكان عندهم في ثوب واحد ثم اقتسموه بينهم بالسويه فهم مني وأنا منهم)). (أخرجه البخاري، رقم الحديث: (2354). ومسلم، رقم الحديث: (2500).

واتە: هۆزو قەبیلەی ئەشعەریەکان ئەگەر خواردنەکەیان لە کاتی غەزادا کەم بکات، یان خواردنی ماڵ و منداڵیان کەم بکات ئەوا هەرچی خواردنیان لا دەست دەکەوێت کۆی دەکەنەوە لەیەك پۆشاکدا و پاشان لە بەینی خۆیاندا دابەشی دەکەن بە یەکسانی، ئینجا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: بەڕاستی ئەوان لە منن و منیش لەوانم.

جا لە ڕۆشنایی ئەو فەرموودەیەی سەرەوەی پێغەمبەری خودادا (صلى الله عليه وسلم) دەڵێم: بەراستی ئەو کارەی هەقەکان پێی هەستاون پێش ئەوەی پێی بڵێین سۆشیالیستی کارێکی تەواو ئیسلامی و هەڵهێنجراوی شەریعەتی ئیسلامە.

2- پرس و ڕاوێژ کردن:

لەکاتی پێویست و ڕوودانی هەر ڕووداو و پێشهاتێك براو خوشکانی کۆمەڵی هەقە بەبێ جیاوازی و پێکەوە کۆ بوونەتەوەو پرس و ڕاوێژیان کردووە، تا سەرەنجام گەیشتوونەتە ئەنجامێکی دیاری کراو بۆ ڕێگەچارەی کێشەو بابەتەکە، دواتر وەکو بڕیارێك کاریان پێ کردووەو پێوەی پەیوەست بوون.

هەموو ئەندامانی بزوتنەوەی هەقە کە تەمەنێکی پێگەیشتوویان هەبووبێت، لە ئەم پرس و ڕاپرسیەدا مافی دەربڕینی بیرو بۆچوونیان هەبووە. (حمە تۆفیق: ڕێبوار، بزوتنەوەی هەقە لە شێخ عبدالکریمی شەدەڵەوە تا حەمەسووری کلاّو قوت، لا139).

بەڕاستی منیش دەڵێم ئەم ئاکارەشیان لە سۆنگەی شەریعەتی ئیسلام و ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانەوە وەرگرتووە، خوای گەورە لە وەسفی موسڵمانانی ڕاستەقینەدا دەفەرموێت: ﴿وأمرهم شورى بينهم﴾ (الشورى، ئایەتی: 38) واتە:( بەڕاستی بڕواداران کارەکانیان بە ڕاوێژو ڕاگۆڕینەوە لە نێوان خۆیاندا جێ بەجێ دەکەن) بۆیە دەڵێم: بەم خاڵەشیان بزوتنەوەی هەقە توانیویانە ئەگەر لەمەودایەکی کەمیشدا بێت دینی ئیسلام لەلایەنی نەزەریەوە بهێننە بواری پراکتیکی.

3-سەربەستی ئافرەت:-

هەقەکان هەمیشە هەوڵی قەلاّچۆکردنی چەوساندنەوەی ئافرەتیان داوەو لە گەلێك چەمك و لایەنەوە هەوڵی پاراستنی مافی ئافرەتیان دەداو بەرێزەوە لە ئافرەتیان ڕوانیوە، هەر بۆیەش بەردەوام دژی بیروبۆچوونی ژن بە ژن و، گەورە بە بچوك و، هێنانی پتر لە ژنێك وەستاون. هەروەها بە تەواوی دژی وەرگرتنی شیربایی و پارە بوون، هیچ هەقەیەك کچەکەی خۆی بە پارە نەدەگۆڕیەوە، ئەو خەڵکانەشیان خۆش نەدەویست کە پابەندی ئەم دیاردە نەگریسە بوون؛ بەم هەولاّنەشیان فشاری کۆت و پێوەندەکانی کۆمەڵیان لەسەر ئافرەت کەم کردۆتەوە. (کاکە حمە: دانا، ڕۆڵی بزوتنەوەی هەقە لەپێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی کوردە واریدا، گۆڤاری پەیڤ، حوزەیرانی ساڵی چوارەم 1989).

بەڕاستی لەسەر ئەم خاڵەش من دەڵێم جگە لە بابەتی هێنانی زیاد لە ژنێك هەموو کارەکانی دیکەیان هاوتایە لەگەڵ سروشتە دینیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بۆ نمونە: لە خوارەوە ئاماژە بەچەند فەرموودەیەك دەدەم لەم بارەیەوە.

(أ) پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت): نیکاحی ژن بە ژنی قەدەغە کردووەوەك لە حەدیسدا هاتووە ((نهى رسول الله صلى الله عليه وسلم عن نكاح الشغار)) (مسلم، ژمارەی فەرموودە: 1415).

(ب) وە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: ((النساو شقائق الرجال)) واتە: (ژنانیش هاوشێوەی پیاوانن و هەمان مافی پیاوانیان

هەیە) (الإمام أحمد، ژمارەی فەرموده: 5869).

(ت) لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە کە پێویستە ئافرەت مارەی پێی بدرێت و لەلایەن کەس و کاری مێردەوە پارەی مارەییەکەی نەخورێ، وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً﴾(النساو: ئایەتی:4).واتە: مارەیی ئافرەتەکان بدەن وەك واجبێکی شەرعی کە لەسەرتا دانراوە زۆر بەدڵ کراوەیی و ئاسوودەیی).

کەوابوو لەم دەقانەی سەرەوەو چەندەها دەقی دیکەوە گەیشتینە ئەو باوەڕەی کەوا ئەو کارەی هەقەکان دەیکەن کارێکی زۆر شەرعی و تەندروستە، دەبێت دەست خۆشیان لێ بکەین نەك ڕەخنەیان لێ بگرین.

4-برایەتی: یەکەم هەنگاوی گرنگ بەلای مامە ڕەزاوە بۆ هێنانە کایەی چاکسازی لە ژیانی کۆمەڵایەتی هەقەکاندا دروست کردنی برایەتی بوو لە نێوان شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازەدا، مەبەست لەم چەمکە ئەوە بوو کە هەموو هەقەکان خوشك و برای یەکترین بەبێ خوێندنەوەی جیاوازی ناوچەیی و کۆمەڵایەتی، ئابوری، هەر بۆیە هەقەکان ئەگەر باسی کەسێکی هەقیان بکردایە، دەیان گووت ئەوە برامانە، بەڵام ئەگەر باسی کەسێکیان بکردایە کە لە هەقە ئەخوێنێ و زمانی بەخێر بەم ڕێبازەدا ناهێنێ بە (منکر) ناویان دەبرد، (محمود: هاوڕێ، بزوتنەوەی هەقەو ڕەنگ دانەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ل109-110).

بەڕاستی ئەم خاڵەشیان دیسان خاڵێکی دیاری ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، خوای گەورە لە بارەی موسڵمانانەوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ الحجرات، ئایەتی: (10).

واتە: بەڕاستی موسڵمانان برای یەکترن، بەڵام تاکە خاڵ کە دەبێتە کێشە لێرەدا ئەوەیە کە تۆ تەنها گروپەکەی خۆت بە برا بزانیت و ئەوانی دیکە بە دژو منکیر تەماشا بکەیت، لێرەدا هاوڕێ محمود دەڵێت: (بەڵام تێکرای خەڵکەکانی تری دەرەوەی هەقەیان بە برای خۆیان ئەزانی جگە لە مونکرەکان). (سەرچاوەی پێشوو، ل110).

بۆیە لێرەدا منیش دەڵێم: بەم پێیە بێت هەقەکان بەس دژەکانیان بە برا نەزانیوە ئەگینا باقی خەڵکی دیکەیان وەك برا سەیر کردووە بەڵام ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە، هەرچەند خاڵەکەیان خاڵێکی ئەرێنی یە بەڵام من پێم باشتر بوو ئەوەندە بەئاگا بونایە بیانزانیایە کە هەرکەسێ لە دژیان بوو مەرج نیە هەڵە بێت، بۆیە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دەڵێم ئەم خاڵەیان پێویستیەکی زۆری بە هەموار کردنەوە هەیە بە تایبەتی لەسەردەمی ئێستاماندا.

5-پاك و خاوێنی: پاکی و پاراستنی تەندروستی تاك و خێزان و کۆمەڵ یەکێکە لە ڕەوشت و ئامۆژگاریە گرنگەکانی بزوتنەوەی هەقە، کەلە دەستپێکی بەرنامەکاندایە، ڕێنمایی پەیڕەوانیان کردووە کە هەمیشە جل و بەرگەکانیان خاوێن و ڕازاوەو جێگەی سەرنج بێت و ڕۆژانە ڕیشیان بتاشن و گرنگی بە کەل و پەلی ناو ماڵ و پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان بدەن، بۆیە جلەکانیان زوو دەشۆری و بە پێڵاوەوە نەئەچوونە نێو تەکیەو خانەقاوە، ئەگەر یەکێکیش سەرپێچی بکردایە سزا دەدرا زۆربەی کات، سزاکەیان شەکرو هێلکە هێنان بوو بۆ ئەو شوێنەی کە سەرپێچی تێدا ئەنجام درابوو. (محمد: قارەمان نادر، بزوتنەوەی هەقە 1920-1961ز، ل103).

لەناو دەقە پیرۆزەکانی ئیسلامیشدا دەیەها فەرموودەمان هەیە پشتگیری ئەم خاڵە دەکات، بۆنمونە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: ((الطُّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ)). (مسلم: ژمارە (223)، واتە: بەڕاستی پاکێتی بەشێکە لە ئیمان و باوەڕ).

بەڵام کارێك کە لێرەدا جێی سەرنجە ڕیش تاشینە کە ئەوان لەنێو پاك و خاوێنیدا باسیان کردووەو وتوویانە دەبێت لابرێت، بەڵام لای زۆربەی زانایانی ئیسلام هێشتنەوەی بە واجب زانراوە ئەگەر زۆر هەوڵیشیان دابێت وتوویانە سوننەتە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمان فەرمانیان بە لابردنی کردووە، کە ئەم خاڵەش جێی مشت و مڕو خوێندنەوەی زیاترە کە ئایا لەبارەی ئەو دەقانەی کە فەرمان بە هێشتنەوەی ڕیش دەکات ئەوان بۆچوونیان چۆنە؟.

بەڵام من دەڵێم بەڕاستی لەوە دەچێت ئەو خاڵە تەنها پەیوەست بێت بە مامە ڕەزاو باڵی مامەڕەزاییەکانەوە، چونکە شێخ عبدولکەریم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) خۆی ڕیشی هێشتووەتەوە وەك لە وێنەکانی دیارە، هەروەها حەمەسوور و شوێن کەوتوەکانیشی زۆربەیان ڕیشدار بوون، بۆیە دەڵێم بابەتی ڕیش تاشین تایبەت بووە تەنها بە باڵی مامە ڕەزاییەکانەوە.

6-هەق پەرستی: (پەیڕەوانی بزاڤی هەقە ئەوپەڕی لایەنگیری هەق و هەقیقەتی ڕۆژگار بوون و بە ڕادەیەك بەهایان بۆ هەق

دادەنا کە ئامادە بوون بەرگری لە هەق بکەن ئەگەر چی بە زیانی خۆشیان تەواو بووایە، ڕێدەکەوت چەندین جار لە دژی خزم و کەس و کاری خۆو بە قازانجی بێگانە بۆ ڕوون کردنەوەی ناکۆکیەك شگەواهییان داوەو پشتیوانیان لە خاوەن هەق کردووە، واتە: بۆ دەرخستنی هەقیقەت بە هیچ کلۆجێ دۆستایەتی و خزمایەتیان لەبەرچاو نەدەگرت). (سوڵتانی: محمد عەلی، بزاڤی حەقە لەکەرکوك، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (3) ساڵی سێیەم، زستانی: 2002ز).

بەدڵنیایی یەوە ئەم کارەشیان لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرماندا مەودایەکی زۆری داگیر کردووە کە ئێمە لێرە دوو نمونە باس دەکەین ئەوانیش: خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقُلِ الحَقُّ مِن رَبِّكُم﴾ سورە الكهف، ئایەتی: (29). ئێوە ئەوەی حەق و ڕاستی یەو لای خواوە بۆتان هاتووە بە خەڵکی بڵێن.

یان دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَاالَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَو عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾(النساو: ئایەتی:135).

واتە: (ئەی ئیمانداران ئێوە لە شایەتی داندا لایەنی حەق و دادپەروەری بگرن هەرچەند لە بەرژەوەندی خۆتان و دایك و باوك و نزیکەکانیشتان نەبێت).

ئەم بەڵگانە هەمووی دەری دەخەن کەوا هەق پەرستی لە کرۆکی دینی ئیسلامەوە وەرگیراوە.

7- دابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و ئابوونە:-

لە سنوری کۆمەڵەی هەقەنشیندا هەوڵ بۆ دابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی دراوە، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئابوونەی مانگانەوە، کە لەڕێگەی برا دڵسۆزەکانی هەقەوە واتە: (برا سەیارەکان). بە شێوەی مانگانە لە ئەندام و موریدانی هەقە کۆکراوەتەوە بۆ کاروباری تەکیەو خانەقاکانی هەقە و پێداویستی ئەندامانی کۆمەڵەکەیان خەرج کردووە، بە شێوەیەك هەر کەسێك بە پێی تواناو ویستی خۆی پارە یان بەشێك لە بەرهەم و بەرووبوومی کێڵگەکەی پێشکەشیان کردووە، ئەگەر کەسێك کارەسات و ڕووداوێکی بەسەر بهاتبایە لەو پارە و پیتاك و ئابوونە کۆکراوەیە هاوکاری کراوە تا کارەساتەکەی پێوە دیار نەبێت). (حمە تۆفیق: ڕێبوار، کۆمەڵەی هەقە لە شێخ عبدالکریمی شەدەڵەوە تا حەمەسووری کلۆ قوت، لا137. ئەحمەد: بەهادین، بزوتنەوەی هەقە لە هەرێمی کوردستان. www.history of kurd.com/2017/2/19 . (عەسکەری: مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، لا66).

لە کۆتایی ئەم خاڵەشدا دەڵێم: بەڕاستی دابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی بە شێوەیەکی ئاوا جوان و ڕێك و پێك یەکێکە لەو کارانەی کەوا ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر جەختی لەسەر کردۆتەوە کە دەتوانم بڵێم فەرز کردنی زەکات و خێرو خێراتیش زۆربەی هەرە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە، وەچەندەها وتەی زانایانی شەریعەتی ئیسلامیشمان هەیە لەبارەی (التكافل الإجتماعی) یاخود (الچمان الإجتماعی) دەدوێن و دەڵێن شەریعەتی ئیسلام لەگەڵێتی مادام لە سنوری شەرع دەرنەچێت و نەکرێت بە هۆکارێك بۆ دەست برین و پارە کۆکردنەوە، وا لە خوارەوە دوو دەقی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەهێنینەوە لەسەر گرنگی ئەم خاڵە.

(أ)خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ (المائدە: ئایەتی:2). واتە لە کاری باشدا هاوکارو یارمەتی یەك بن بەلأم هاوکارو یارمەتی دەری کاری خراپ مەبن.

(ب) وە پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: ((لیس المؤمن، الزی یشبع وجارە جائعٌ إلی جنبە)). (البخاری: الأدب المفرد، 112؛ والگبرانی فی الکبیر، ج3، ص175).

واتە: (بەڕاستی ئیمانی تەواو نیە ئەو کەسەی خۆی تێر بێت و دراوسێکەشی برسی بێت). بۆیە: لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە لەم بارەیەوە هاتوون کە دەتوانم بڵێم بە سەدەها ئایەت و فەرموودەیە، دەڵێم بیمەی کۆمەڵایەتی کارێکە لەو کارانەی کە سەروەرمان (صلی الله علیه وسلم) لەسەردەمی حوکمڕانی مەدینەدا بە کرداری پێی هەستاوە، وەك کردنی کۆچەران و هاوپەیمانان بە برای یەکتری یاخود خزمەت کردنی هەژارانی مزگەوتەکەی خۆی کە پێیان دەوترا (ئەهلی صوفە) وەدەیەها نمونەی دیکە.

8-ڕەوشت: بەو مانایەی کە هەریەك لە پەیڕەوانی هەقە دەبێت خاوەنی ڕەوشتێکی جوان و ڕێکخراو بێت، ئەگەر یەکێك بە پێچەوانەی ئەوە ڕەفتار بکات پێیان دەوت (بێ ڕەوشت)، وە هەر نافەرمانیەکیش ئەگەر لە ئارادا بوایە ناچار دەکرا قەرەبووی بکاتەوە، یاخود مافی ئەندام بوونی لێ دەسێنرایەوە، یان دەبوایە کارێکی بکردایە کە ئەو نافەرمانیە بسڕێتەوە.

ئەمەش چەند نمونەیەك لە بەرنامەی (ڕەوشت) کە پەیڕەوانی هەقە ناچارن بە جێبەجێ کردنیان:

أ-خۆ دوور گرتن لە دزی و درۆو بوهتان و کاری چەوت.

ب-پاراستنی پاك و خاوێنی و لەپێ کردنی (پوزەوانە) واتە: گۆرەوی درێژ تا ئەژنۆ.

ج- پابەند بوون بە پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکان و دەرنەچوون لە سنوری برایەتی.

د-خۆ دوور گرتنی گوماناوی و بە پێی توانا دووره پەرێزی بکرێت لە خەڵکی دەرەوەی بزوتنەوەکە.

هـ-تەوقە کردن لەگەڵ یەکتر بە شێوازێك کە دەست گوشین نەبوو، بەڵکو دەست لەناو دەست دەخشێنراو دەوترا (یا کەریم و یا ڕەزا) کە مەبەست لێی دوو ناوی خودایە وەك لایەنگرانی هەقە دەیڵێن، یاخود مەبەست پێی شێخ عبدولکەریم و شێخ ڕەزای کەلکەسماقە، وەك محەمەدی مەلا کەریم دەیڵێت.

ئەمە جۆرە تەوقەیەك بوو کە پیاو و ژن و گەورەو بچوك دەیان کرد ئیتر دەست ماچ کردنیان لە ناوا نەبوو، بەڕیز لای ڕاستەوە بۆ لای چەپ دەستیان دەکرد بە تەوقە کردن، بێ ئەوەی کەسی لێی بپەڕێنرێت و هەموو هەڵدەستانە سەر پێ بە تایبەتی لەناو هەموو ڕەوشتەکاندا بەم جۆرە تەوقەیەش دەوترا ڕەوشت.( تەوەکولی: محمد رەئوف، مێژووی تەسەوف لە کوردستان، وەرگێڕانی: یوسف زاهیر هەورامی، بەرگی1، 2015م، لا315). کوردستانی نوێ، ژمارە (3868)، 2005/9/6ز، (عەسکەری، مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، ص78). (ڕۆژنامەی هامون، ژمارە (54)، پوشپەڕی 2706).

لە کۆتایی ئەم خاڵەشدا دەڵێم: بەڕاستی ئەم خالأنەی کە بزوتنەوەی هەقە وەك ڕەوشت پیادەی کردووە زۆربەی هەرە زۆری جێی دەست خۆشی و سوپاس کردنە کە دەتوانم بڵێم ئەم کارانە لە زۆربەی هەرە زۆری ئاینەکان و بە تایبەتیش ئاینی ئیسلام گرنگیان پێدراوە، لەو خاڵە گرنگانەش خۆ دوور گرتن لە غەیبەت و درۆو بوهتان و پاراستنی لەش و پاك و خاوێنی و هتد.

بەلأم ئەوەی جێی هەڵوێستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە هۆکاری چییە پەیڕەوانی ئەم بزوتنەوەیە لەکاتی تەوقە کردنیاندا سەری پەنجەکانیان لێك خشاندووە و وتوویانە یا کەریم و یا ڕەزا کە وەك ئاشکرایە لە سەردەمی شێخ عبدالکریم ئەم ئاکارە نەبووە هەروەها حەمەسووریەکانیش نەیان کردووە بەڵکو تایبەت بووە بە کۆمەڵەی مامەڕەزاوە!

بە بۆچوونی تایبەتی من تاکە هۆکار بۆ ئەم کارەیان جیا کردنەوەو ناسینەوەی شوێن کەوتوانی مامەڕەزا بووە لە کۆمەڵ و تاقمەکانی دیکە (خواش زاناترە).

9- خاڵی نۆیەم لەو خالأنەی کە بە ئەرێنی دادەنرێت لە ئەم بزوتنەوەیەدا بریتی یە لە پشتگیری کردنی بەردەوامیان بۆ شۆڕش و بزوتنەوە نیشتمانیەکان.

مامۆستا کەریم زەند دەڵێت: شێخ عبدالکریم هاوکاری شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمری کردووە لە جەنگی کۆتەڵدا، لە چیای گەورەدێ، لەوێ پاڵپشتی لەشکری شێخ محمودی نەمر بوون.

هەر لەبەر ئەمەش بوو شەدەڵە بۆمب باران کرا لەلایەن سوپای ئینگلیزەوەو گوندەکە چۆڵ کراوە خەڵکەکە چوونەتە ئەشکەوتی بۆڵە ترێ لە چیای دابان

.هەروەها مامە ڕەزا پەیوەندی بە شۆڕشی بارزان و شۆڕشی خاوەرەوە بووە بەشدار بووە لە کۆماری کوردستان -مەهاباد- کە کۆمەڵێك لەلایەنگرانی ناردووە بە سەرۆکایەتی شێخ محمد ئەمین مەڵحەی کە خزمی سەید ئەحمەدی خانەقا بووە). (زەند: کەریم، تۆماری تەمەن – ئاینستان -، لا 198، چابی یەکەم، چاپەمەنی ئەزمەڕ، سلێمانی، 2006ز).

بێ گومان ئەم خاڵەش یەکێکی دیکەیە لە خاڵە ئەرێنیەکان کە ئەم بزوتنەوە لە سەرەتای دروست بوونیەوە تا ئێستا لەسەری بەردەوام بووە مێژوویش گەواهی ئەمەیان بۆ دەدات.

10-خاڵی دەیەم و کۆتایی لەو خالأنەی کە بە ئەرێنی دائەنرێت بۆ ئەم بزوتنەوەیە بریتی یە لەوەی بۆ هەموو کەسێ هەبووە لەبارەی سەروەت و سامانی بەرێوەبەرانی ئەم بزافەوە بپرسێ، لەم ڕوانگەیەوە مامۆستا ڕەئوف محمد زوهدی دەڵێت: {لە ڕێبازی وتو وێژدا لە خزمەت خوا لێ خۆش بوو (مامە ڕەزا) دا وتم: خۆ ڕێبازەکانی تری (تەسەوف)یش تەکیەو خانەقا بە دامەزراوەیەك دەزانن

کەوا بۆ موریدەکانیان و دەست و پێوەندیان، هەمان دەوری یەکسانی و هاوبەشێکەی لەمەڕ ئێوە دەبینێت} ....هتد

لێرەدا مامەڕەزا خۆی پێ نەگیراو دەستی کرد بە پێکەنین بەلاقەرتیەکەوە فەرمووی: {ڕۆڵە دەرەبەگەکانیش دیوەخانەکانیان بە دامەزراوەیەکی گشتی دەزانن کە هەموو کەسێك بۆی هەیە ڕووی تێ بکات و پەنای بۆ بێنێت... بەلاّم ئایا جێی هەموو کەسێکی تیا ئەبێتەوە.... وە یا هەموو کەسێك بۆی هەیە کەوا لە ئەرك و مەسرەفی خانەقاو تەکیەو دیوەخان بپرسێت و بکۆڵێتەوە..؟!}. خۆ ئەگەر یەکێك پڕ کێشی بکات و لەسەری بڕوات وەلاّمەکەی لە: ڕزقێکەو خوا ناردوویەتی! بەولاوە زیاتر نیە، ئەمە ئەگەر خاوەن پرسیار جێگەیەکی تایبەتی هەبێت لەلایان.،. ئەگینا وەلاّمەکەی بەدڵ نابێت!

ئیتر پلەی دڵسۆزی بۆ دامەزراوە یەکسانی و هاوبەشیەکان بەندە بە ئەندازەی ئازادی لە لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوەیاندا، وە ڕێگەدان لەم ڕووەوە بەو کەسانەی کە گوایە ئەم دامەزراوانە بەهی خۆیان دەزانن و گوایە بۆ ئەوانە..! ئەگینا هەچ گفت و گۆیەك لەم بارەیەوە بێتە ئاراوە، لە وتەیەکی ڕووت بەولاوە هیچی تر نیە، وتەی رووتیش کەس تێر ناکات.

لە فەرمایشتەکەی بەردەوام بوو، فەرمووی: لەناو ئێمەدا چ پیاو چ ئافرەت بۆی هەیە لە هەموو شتێکی گەورەو بچوك بپرسێتەوە، هەموو موریدەکانمان دەتوانن بەو پەڕی ئازادیەوە لە هەموو شتێك بدوێن و ڕەخنە بگرن، یا لێدوانەکەشیان پەیوەندی بە شەخسی (شێخەوە) هەبێت و ئەم بگرێتەوە ... هەموو کەسێکمان بەش بە حاڵی خۆمان بۆمان هەیە پەنجە بکەین بەچاوی کەمتەرخەم، وە یا ئەوەی کەوا لە ڕەوشت لادەدات و درێخی دەکات. (زوهدی: رئوف محمد، بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە، لا164-165).

### دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان

#### دەرئەنجامەکان

1- بەلای زۆربەی زانایانەوە وشەی تەسەوف لە زمانەوانیدا لە (صوفە)وە وەرگیراوە کە بە مانای خوری دێت بەلاّم لە زاراوەی ئەم زانستەدا بە مانای دەست گرتن بە هەق و ڕاستیەوە دێت، هەروەها بەوەی کە چاوت نەبێت لە دەستی کەسانی دیکە.

2- تەریقەتی نەقشبەندی بەلای پەیڕەوانی ئەم تەریقەتەوە دەدرێتە پاڵ یەکەم خەلیفەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کە ئەویش ئەبو بەکری سدیقە، بەلاّم ئەو بنەماو پایانەی کەوا تەریقەتی نەقشبەندی جیا دەکاتەوە لە هەموو تەریقەتەکانی دیکە لە چوار کەسەوە وەرگیراوە ئەوانیش:-

1-سەلمانی فارسی. 2-ئەبو یەزیدی بەستامی. 3- عبدالخالقی الغجدوانی. 4-محمد بهادین البخاری.

هەر چەندە زۆرێك لە نوسەران دەڵێن مەولانا خالیدی نەقشبەندی یەکەم کەس بووە کەوا تەریقەتی نەقشبەندی هێناوەتە ناو کوردان بەلاّم ئەم بۆچوونە هەڵەیە چونکە پێش ئەمیش چەند کەسێکی دیکە هەبوون کەوا تەریقەتی نەقشبەندیان وەرگرتووە بەلاّم گومانی تێدا نیە کە مەولانا خالیدی شارەزووری بە تازە کەرەوەی ئەم تەریقەتە دادەنرێت.

3- یەکەم کەسیش لە ناوچەی سورداش کە ئەم تەریقەتی نەقشبەندیەی وەرگرت بریتی بووە لە شێخ ئەحمەدی سەردار کە لە ساداتی شێخانی بەرزنجیە.

4- لەدوای شێخ ئەحمەدی سەردار دەست بە دەست ئەم تەریقەتە گوازرایەوە تا ساڵی 1920ز کەوتە دەستی شێخ عبدولکەریمی شەدەڵە کە بە دامەزرێنەری بزوتنەوەی هەقە دادەنرێت.

5- هەقە لای پەیڕەوانی بزوتنەوەکە بەمانای ئەوە دێت گەیشتوونەتە هەقیقەت و کرۆکی دین یان بەمانای ئەوە دێت کەوا ڕێچکەو ڕێبازی ئەمان هەق و ڕاستە.

6- زۆر کەس وتوویانە بە هەقە ڕێباز بەلاّم بەبۆچوونی من ڕێباز هەڵەیە، چونکە ڕێباز بۆ گروپێکی حیزبی بەکار دێت، یان وتوویانە (نحلە) کە بەمانای دینێکی دەست کرد دێت، ئەمەش هەڵەیە چونکە هەموو بەرنامەو پرۆگرامی ئەمان لە چوارچێوەی

ئیسلام دەرناچێت، هەروەها تەریقەتیش بۆ ئێستایان هەڵەیە چونکە لە ڕێبازی نەقشبەندی تەواو لایان داوە بۆیە باشتر وایە پێیان بڵێین (بزوتنەوە).

7- زۆرێك لەو زانا ئاینیانەی کەوا ڕەخنەیان لە بزوتنەوەکە گرتووە ڕەخنەکانیان لە سێ خاڵ بەدەر نیە:-

أ-دەرچوون لە دین و هەموو بەها جوانەکان.

ب- شوێن کەوتنی ڕێبازی باتنیەکان.

ج-جێ بەجێ نەکردنی دروشمە شەرعیەکان لەگەڵ کردنی هەندێ کاری ئابڕووبەرانەدا.

8- گرینگترین ئەو خاڵانەی کەوا نوسەران لە وەسفی بزوتنەوەکەدا وتوویانە بریتییە لە: أ- یەکسانی و دادپەروەری. ب-ڕاوێژو کۆڕبەستن. ج-ڕێزگرتن لە ژنان. د-برایەتی. ز- پاك و خاوێنی. ر-خۆشویستنی هەق و ڕاستی. هـ-ئابونە.

9- بزوتنەوەی هەقە هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە لەنێو شۆڕشگێڕان و چینی هەژاراندا بووە لە شۆڕشی شێخ محمود و قازی و مەلا مستەفاو شۆڕشی نۆێشدا دەورێکی کارایان هەبووە.

10- وەفاتی شێخ عبدالکریمی شەدەڵە وەك دەوترێ بەبۆنەی پیاکێشانی بەردەوە بووە ڕاست نیە بەڵکو بە گوللە بریندار کراوە، بەلأم لەبەر ئەوەی نەبێتە هۆکاری ئاژاوەو دوژمنداری بۆنەوەکانی ئاشکرای نەکردووە. (نورەدینی: مەلا سمایل: سێ باڵەکەی بزوتنەوەی هەقە، لا23). (گۆڤاری شمشارە، ژمارە (50) مانگی (3)ی 2010ز).

11- شێخانی تەریقەتی نەقشەبەندی سورداش پێش شێخ عبدالکریمی شەدەڵەش پشتگیری هەژاران و چەوساوەکان بوو ئەوەتا شێخ مستەفای شێخ ڕەزای عەسکەر چووە بۆ بەغداو بەشداری لە شۆڕشی دژ بە ئینگلیزەکان کردووە و هەر لە بەغداش نێژراوە، سەرەتا لە گۆڕستانی شێخ معروفی کەرخی نێژراوە، پاشان دوای ئەوەی بەشێکی ئەو قەبرستانە دەکرێت بە شۆستە و جادە دەگوازرێتەوە بۆ گۆڕستانی شێخ جونەیدی بەغدادی. (گۆڤاری کاروان، ژمارە (15) ساڵی (1983ز)، ڕەشید محمد علی، لا68).

**ڕاسپاردەکان:**

1-داواکارم لە توێژەران و خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان زیاتر لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بکەن لەسەر ئەو بابەتەو هەوڵ بدەن هەر توێژینەوەیەك لەسەر چەمکێك لە چەمکەکانی بزوتنەوەکە بێت، تا سوودو قازانجی تەواو بدات بە دەستەوە.

2- لەبەر ئەوەی کە زۆرێك لە چەمکەکانی بزوتنەوەکە تایبەت بووەو تەنها لە ناو خۆیاندا بەکار هاتووە بۆیە داواکارم لەسەرانی ئەم بزوتنەوەیە زۆر بەڕاستی جورئەتەوە ئەو باسانە ڕوون بکەنەوە لەوانەش هۆکاری وەفاتی شێخ عبدالکریمی شەدەڵە، یاخود مەبەست لە وشەی (یا کەریم و یا ڕەزا)، وە ئایا تا چەند بڕوایان بە دروشمە دینیەکان هەیە، وە بۆچوونیان لەسەر کۆمۆنیست و حیزبە سۆشیالیستەکان چییە...هتد.

3-داواکارم لە زانکۆو دامەزراوە تایبەتەکانی خوێندنی باڵا بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی کەوا هەموو ئەو نوسراوانەی کە لەسەر ئەم بزوتنەوەیە هەیە لە چەند بەرگێکی (مەوسوعیدا) کۆی بکەنەوە تا لە نەمان ڕزگاریان بێت، هەروەها دەست خستنیشی ئاسان بێت بۆ توێژەران لەکاتی نوسین و لێکۆڵینەوەکانیاندا.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**


1- ئەمیر فەرهەنگ ئیمانی، بەهائولاً لەکوردستان، وەرگێڕانی: دڵشاد کەریم، چاپخانەی ڕون، سلێمانی- عێراق، جاپی(1) 2010ز.

2- شێخ تائیب سەلاحەدین، ڕێبازی نەقشەبەندی و تەسەوف، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر- عێراق، چاپی(1) 2002ز.

3- سەید تاهیری هاشمی، مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشەبەندی، وەرگێڕانی لەفارسییەوە: دلێر میرزا، چاپخانەی: قانع، سلێمانی- عێراق، چاپی(1) 2004ز.

4- جەعفەر علی ڕەسول، سۆفیزم و کاری گەری لەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی گەلی کورد 1880-1925ز، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ئیشك، سلێمانی- عێراق، چاپی(1) 2008ز.

5- دیاری مەلا محەمەدی کۆیە، چاپخانەی کوردستان، هەولێر- عێراق، چاپی(1) 1967ز.
6- ڕەئوف محمد زوهدی، بۆ لەهەقە کەوتنە تەقە، چاپخانەی: الحوادپ، بەغداد – عێراق، چاپی (1) 1985ز.
7- ڕێبوار حەمە تۆفیق، ڕونکردنەوەیەك لەسەر کتێبەکەی کاك مستەفا عەسکەری، دەست نوس.
8- ڕێبوار حمە تۆفیق، کۆمەڵی هەقە لەشێخ عبدولکەریمی شەدەڵەوە تا حەمە سوری کلاّو قوت، چاپخانەی شڤان، سلێمانی- عێراق، چاپی(1) 2010ز.
9- مەلا عبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر- عێراق، چاپی(2) 2011ز.
10- کەریم زەند، ئاینستان، چاپخانەی ئەزمر، سلێمانی- عێراق، چاپی(1) 2006ز.
11- مەلا سمایل نورەدینی، سێ باڵەکەی بزوتنەوەی هەقە، چاپەمەنی ڕانیە، چاپی (1) 2018ز.
12- قارەمان نادر محمد، بزوتنەوەی هەقە، نامەیەکی ماستەرە کەلەفاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلاّیەتێکانی زانکۆی کۆیە پێش کەش کراوە وەك بەشێك لەپێویستێکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر لەمێژوی هاوچەرخ ساڵی 2011ز.
13- کەریم ئەحمەد، بیرەوەریەکانی کەریم ئەحمەد، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی- عێراق، چاپی (1) 2006ز.
14- مارتن ڤان برۆنەسن، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی لەئەڵمانییەوە: د. کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی- عێراق، چاپی (1) 2003ز.
15- محەمەد ڕەئوف تەوەکولی، مێژوی تەسەوف لەکوردستان، وەرگێڕانی: یوسف زاهیر هەورامی، چاپی(1) 2015ز.
16- محەمەدی جەلی زادە (مەلای گەورە)، تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی- عێراق، چاپی(1) 2009ز.
17- محمد صالح ئیبراهیم (شەپۆل) ژیانەوەی زانایانی کورد لەجیهانی ئیسلامیدا، چاپخانەی: مەهارات، تاران- ئێران، چاپی(1) 1364 شەمسی.
18- موستەفا عەسکەری، ئاوڕدانەوەیەك لەبزوتنەوەی هەقە، دەزگای چاپ و بلاّوکراوەی ئاراس، هەولێر- عێراق، چاپی(2) 2008ز.
19- هاوڕێ محمود، بزوتنەوەی هەقەو ڕنگ دانەوەی لەڕاگەیاندنی کوردیدا، چاپخانەی: سیما، سلێمانی- عێراق، چاپی(1) 2012ز.
20- هێمن عومەر خۆشناو، بیرەوەریەکانی مەلای گەورە، چاپخانەی: grafik، دیاربەکر- تورکیا، چاپی(1) 2017ز.

سەرچاوە عەرەبیەکان:

1- أحمد أمین، ڤهر الإسلام، مگبعه: مؤسسه الهنداوی للتعلیم والپقافه، القاهره-مصر، گ(1) 2012م.
2- أحمد بن محمد بن حنبل، مسند الإمام أحمد بن حنبل، تحقیق: شعیب الّرنؤوگ و عادل مرشد، الناشر: مؤسسه الرساله، گ(1) 2001م.
3- أحمد تقی الدین ابن تیمیه، التصوف والصوفیه، جمع وتحقیق: محمد گاهر الزین، مگبعه: دار الإیمان الّسکندرییه، بدون سنه الگبع.
4- الشیخ جمیل محمد علی حلیم، الرشحات العنبریه ڤی ڤچل وعقیده امام النقشبندیه، مگبعه: دار المشارع، بیروت- لبنان، گ(1) 2018م.
5- جواد ڤقی علی الجوم حیدری، محمد بن عبدالله الجلی (ملا الکبیر) وجهودهُ العلمیه، الناشر: مکتبه التفسیر، أربیل- العراق، (گ1) 2006م.
6- جواد ڤقی علی الجوم حیدری، مولانا خالد النقشبندی ومنهجه ڤی التصوف، مگبعه: کتاب الناشرون، بیروت- لبنان، گ(1) 2017م.
7- حسن الشافعی مع أبو یزید العجمی، ڤی التصوف الإسلامی، مگبعه: دار السلام، القاهره- مصر، گ(1) 2007م.
8- سلیمان بن أحمد بن أیوب الگبرانی، المعجم الکبیر، الناشر: مکتبه ابن تیمیه-، القاهره- مصر، گ(2) 1994م.
9- سی جی أدمونز، کرد. ترك. عرب، ترجمه من الإنجلیزیه: جرجیس ڤتح الله، مگبعه: مکتبه التایمس، بغداد-العراق، گ(1) 1971م.
10- عبدالرحمن البدوی، تأریخ التصوف الإسلامی، گ(1) 1975م، بدون ژکر المگبعه.

11- عبدالرحمن بن خلدون، مقدمه ابن خلدون، المحقق: عبدالله محمد الدرويش، المگبعه: دار يعرب، ديمشق- سوريا، گ(1) 2004م.
12- عبدالكريم القشيرى، رساله القشيريه، مگبعه: دار التربيه للگباعه والنشر والتوزيع، بغداد- العراق، گ(1) بدون سنه الگبع.
13- فريد أسسد، أصول العقائد البرزانيه، الناشر: مركز كرودستان للدراسات الإستراتيجيه، السليمانيه- العراق، گ(1) 2008م.
14- كلوديوس جيمس ريچ، رحله ريچ في العراق عام: 1920م، نقلها الى العربيه: بهاو الدين نورى، بغداد- العراق، گ(1) 1951م.
15- محمد أحمد درنيقه، الگريقه النقشبنديه وأعلامها، مگبعه: جروس برس، گرابلس- ليبيا، گ(1) 1987م.
16- محمد بن أحمد بن أبى بكر القرگبى أبو عبدالله، الجامع لٲحكام القرٲن، تحقيق: أحمد البردونى وابراهيم أگفيش، الناشر: دار الكتب المصريه، قاهره- مصر، گ(2) 1964م.
17- محمد بن اسماعيل البخارى، الٲدب المفرد، تحقيق: سمير بن أمين الزهيرى، الناشر: مكتبه المعارف للنشر والتوزيع، رياچ- السعوديه، گ(1) 1998م.
18- محمد بن اسماعيل البخارى، صحيح البخارى، تحقيق: محمد زهير بن ناصر، الناشر: دار گوق النجاه، گ(1) 1422هـ.
19- محمد بن عبدالكريم بن أبى بكر أحمد الشهرستانى أبو الفتح، الملل والنحل، الناشر: مؤسسه الحلبى، گ(1) بدون سنه الگبع.
20- محمد الخال، الشيخ معروف النوديهى البرزنجى، دار مگبعه التمدن، بغداد- العراق، گ(1) 1976م.
21- محمود عبدالحليم، قچيه التصوف المدرسه الشاژليه، مگبعه: دار المعارف، القاهره-مصر، گ(3) 1999م.
22- مسلم بن الحجاج النيسابورى،المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل الى رسول الله (صلى الله عليه وسلم) المشهور بصحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقى، مگبعه: دار احياو التراپ العربى، بيروت-لبنان، گ(1) 1954م.
23- أبو الوفا الغنيمى التفتازانى، مدخل الى التصوف الإسلامى، مگبعه: دار الپقافه للنشر والتوزيع، القاهره- مصر، گ(1) 1979م.

**گۆڤارو ڕۆژنامەکان:**

1- ئاوێنە، بەهائیەکان و گەڕنەوەیان بۆ سەرگەڵو، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (277)، 2013/5/14ز.
2- جەلال دەباغ، مامە ڕەزایەکان یان ( برایانی هەقە) و هەڵوێستی جوامێرانەیان، گۆڤاری چیا، ژمارە (24) 2007ز.
3- جمال محمد فقى رسول باجلان، الحقە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(6)، ساڵی: 2006ز.
4- حاکم صاڵح، بزوتنەوەی هەقە لەدەم کەلی کەڵکە سماقەوە، ڕۆژنامەی هامون، ژمارە (54) پوشپەڕی 2706 کوردی.
5- دانا کاکە حەمە، ڕۆڵی بزوتنەوەی هەقە لەپێش کەوتنی کۆمەڵایەتی کوردەواریدا، گۆڤاری پەیڤ، حوزەیرانی 1989ز.
6- ڕەشید محمد عەلی، مەسەلەیەکی مەزن هەوڵێکی کەم، گۆڤاری کاروان، ژمارە(15)، ساڵی: 1983ز.
7- ڕەفیق شوانی، دیسان لەهەقە کەوتنە تەقە، گۆڤاری کاروان، ژمارە (142) شوباتی 2000ز.
8- رفيق مجيد عبدالله، حركه الحقه والحمسوربيه بين الإسلام والباگنيه، گۆڤارا زاکۆیا دهۆك، ژمارە (1) ساڵی: 1999ز.
9- عارف تەیفور، تەریقەتی نەقشەبەندی لەشێخ ئەحمەدی سەرداری سەرگەڵوییەوە بەرەوە هەقە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (69)، ساڵی (2002ز) ناوەندی ڕۆشنبیری گوڵان.
10- کوردستانی نوێ، ژمارە( 3868)، 2005/9/6ز.
11- گۆڤاری خاڵ، ژمارە (16) نیسانی (2018ز).
12- گۆڤاری شمشارە، ژمارە(50) مانگی (3) ساڵی:2010ز.
13- محەمەد عەلی سوڵتانی، بزوتنەوەیەکی هەقە لەکەرکوك، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(3)، ساڵی سێیەم، زستانی 2002ز.

**ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان:**

1- بەهادین ئەحمەد، بزوتنەوەی هەقە لەهەرێمی کوردستان، www.historyofkurd.com/2017/02/08

-2 کامران بابان زادە، بزوتنەوەی هەقە لەدوای 3 چارەکە سەدە بەرەو کاڵبونەوە.
www.historyofkurd.com/2016/10/14
-3 Permalink:https:m.facebook.com